# ئایندەی تیرۆر لە عێراق

**د.عابد خالد رسول***　　　　**جەزا أحمد فارس****

وشە کلیلییەکان: تیرۆریزم، ئایندەی تیرۆر، گرووپە تیرۆریستییەکان، داعش، عێراق.
https://doi.org/10.31271/jopss.10065

**پوختە**

لە عێراقی پاش (٢٠٠٣)دا بەهۆی ئەو ژینگە لەبارەی کە هاتە ئاراوە، دەرئەنجامی داگیرکاری ئەمریکا لە عێراق و دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێی لەلایەک و خراپ ئیدارەدانی کاروباری گشتی لە لایەکی ترەوە، چەندین گرووپی تیرۆریستی جیاواز لە گۆڕەپانی عێراقدا دەرکەوتن و پێگەی خۆیان قایمکرد لە ڕێگەی چەند سیناریۆیەکەوە سەبارەت بە ئایندەی گرووپە تیرۆریستییەکان لە عێراقدا، ئەم توێژینەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە ئایا ئایندەی تیرۆر لە عێراقدا بەرەو کوێ دەڕوات؟ ئایندەی تیرۆر لەبەردەم چەند ئەگەرێکی کراوەدایە هەر لە لاوازبوون و بەرەو کۆتایهاتنی تاوەکو بەردەوامبونی وەک ئێستا، وێڕای ئەوەی سیناریۆی ئەگەری گەرانەوی جارێکی تر بە بەهێزی لەسیناریۆکانی تر زیاترە، جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک مان بە کارهێناوە بۆ خستنەڕووی چەمکی تیرۆر، سودیشمان لە میتۆدی وەسفی بینیوە بۆ ناساندنی بابەتەکانی توێژینەکەمان بە شێوەیەکی ئەکادیمی هەروەها میتۆدی پەیردن و میتۆدی گشتیر یان هەمووەکی مان بەکارهێناوە بۆ دیاریکردنی ئایندەی تیرۆر لە عێراقدا لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی زانیارییە کەڵەکە بووەکان کە سیناریۆکانمان پشتی پێدەبەستێت، ئەم توێژینەوەیە لە دوو باس پێکدێت، باسی یەکەممان بە ناونیشانی تیرۆر و دەرکەوتەکانی لە عێراقی پاش (٢٠٠٣)، لە دوو تەوەرە پێکدێت، تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانی چەمکی تیرۆر، تەوەرەوەی دووەم بە ناونیشانی دەرکەوتەکانی تیرۆر لە عێراقی پاش(٢٠٠٣) دا، باسی دووەمی توێژینەوەکەشامان بە ناونیشانی سیناریۆکانی ئایندەی تیرۆر لە عێراق، ئەم باسەمان دابەشکردووە بۆ سێ تەوەرە هەر تەوەرەیک تەرخانکراوە بۆ وێناکردنی سیناریۆیەک لە سیناریۆکانی ئایندەی تیرۆر لەگەڵ خستەڕووی چەند ئەنجامێک.

---

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی زانستە ڕامیارییەکان/ کۆلیجی زانستە ڕامیارییەکان / زانکۆی سلێمانی
abid.rasul@univsul.edu.iq

** خوێندکاری ماستەر لە بەشی زانستە ڕامیارییەکان/ کۆلیجی زانستە ڕامیارییەکان / زانکۆی سلێمانی
jaza.fars@univsul.edu.iq

**ملخص**

**مستقبل الارهاب في العراق**

في العراق مابعد ٢٠٠٣ بسبب الظروف المؤاتية التي طرأت على العراق نتيجة الاحتلال الامريكي للعراق وتدخل الدول المجاورة من جهة وسوء ادارة الشؤون العامة من جهة اخرى، مما ادى ظهور العديد من المجاميع الارهابية المختلفة في الساحة العراقية وقد تمكنوا من تثبيت مواقعهم . ان هذا البحث يرد على التساؤل حول الى اين يصل مستقبل الارهاب في العراق؟ ان مستقبل الارهاب في العراق هو امام عدة خيارات مفتوحة من بينها الضعف نحو النهاية، والاستمرار كما هو في الوقت الحاضر، بالاضافة الى وجود سيناريو العودة بقوة مرة اخرى والذي يعد من اقوى السيناريوهات، وانه تم استخدام منهج تحليل المحتوى للتعريف بمفهوم الارهاب وتم الاستفادة من المنهج الوصفي للتعريف عن مواضيع البحث بالشكل الاكاديمي والمنهج الادراكي والمنهج العمومي من اجل تحديد مستقبل الارهاب في العراق بالاعتماد على المعلومات التي تمكننا من جمعها حيث ان السيناريوهات التي اشرنا اليها تعتمد على ذلك . ان هذا البحث يتكون من من مبحثين، المبحث الاول بعنوان الارهاب وظهوره في العراق بعد ٢٠٠٣، ويضم محورين المحور الاول بعنوان مفهوم الارهاب والمحور الثاني بعنوان ظهور الارهاب بعد ٢٠٠٣ والمبحث الثاني هو بعنوان سيناريوهات مستقبل الارهاب في العراق وان هذا المبحث مقسم الى ثلاثة محاور، وخصص كل محور لتناول احدى سيناريوهات مستقبل الارهاب في العراق، مع عرض اهم النتائج التى وصل اليها البحث.



**Abstract**

**The Future of Terrorism in Iraq**

After 2003 in Iraq and due to the appropriate environment came to being and due to the American invasion and intervention from regional counties, and bad governmentship, several terrorist groups from different perspectives appeared and functioned the presence through different scenarios about the future of terrorist groups in Iraq, this study is supposed to answer that question in which future terror is heading to and the future of terror is open some possibilities, including get weakened until fading out of continuing like present, overall the case scenario of regrouping is likely its worth mentioned we used analytic method for the depicting terror phrase. And also description method is used for recognizing the subject of the study in such academic way, as well as exploring method or generalizing to figure out the future of terror in Iraq, depending on gathering the information's that our case scenario needs. The first subject is under tittle the emergence of terror in Iraq after 2003. Which consisted of two subjects, the first one titled with terror terminology, the second one tittle with terror emergence in Iraq after 2003. The second object of our study is under the tittle the future of terror in Iraq in which subdivided into three branches, each separate branch is dedicated for depicting a case scenario from the other scenarios of future of terror besides showing some results

## پێشەکی

تیرۆر یەکێکە لەو دیاردانەی زۆرترین لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەکادیمی لەسەرکراوە، لە پاش داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە لە ساڵی(٢٠٠٣)دا ئەم وڵاتە دەبێت بە مۆڵگەی چەندین گرووپی تیرۆریستی لەبەرئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق ئەو ململانێ مەزهەبییە توندەی کە لەنێوان شیعە و سوننە هەیە و بوونی هۆکارگەلێکی وەک (هەژاری، گەندەڵی، سەربازی..هتد)، یارمەتیدەربوون بۆ دروستبوون و فراوانبوونی تیرۆر، ئەمە جگە لەوەی لەسەر ئاستی دەرەکییش داگیرکردنی ئەمریکا و مەترسی هەندێك وڵاتی دراوسێ لە بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، بەوەی کە وایان لێکدەدایەوە کە دوورنییە پاش عێراق ئەوان بکەونە بەر داگیرکاری ئەمریکییەکان، بووە هۆی یارمەتیدانی گروپە تیرۆریستیەکان و دروستکردنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق، دەکرێت گرووپە تیرۆریستییەکان لە عێراقدا پۆلێن بکەین بۆ گرووپە تیرۆریستییە سوننەکان و گرووپە تیرۆریستییە شیعییەکان، ئایندەی ئەم گرووپە تیرۆریستیانەش پەیوەستە بەو پێشهاتە ناوخۆییانەی کە لە عێراقدا دێنە پێشەوە لەگەڵ لە بەرچاو گرتنی ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان کە کاریگەری راستەوخۆیان هەیە لەسەر کۆتاییهاتن یان لاواز بوون یان دووبارە بەهێزبوونەوەیان، بەشێوەیەکی گشتی لە عێراقدا بەردەوام بوونی کێشە مەزهەبییەکان و بوونی چەک و تەقەمەنییەکی زۆر لە دەستی گروپ و میلیشیاکان و بوونی ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان یارمەتیدەرە لە ئایندەدا جارێکی تر تیرۆر بەبەهێز تر لە پێشوو دەربکەوێتەوە.

**گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ناوەندەی ئەکادیمییەکان دەتوانن سودی لێببینن بەوپێیەی لە لەمیانەی گەڕانەکانی ئێمەدا بۆمان دەرکەوت، لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان کەمترین تویژینەوەی ئەکادیمی و زانستی لەسەر ئەم بوارە کراوە، حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندیش دەتوانن سود لەم توێژینەوە ببینن چونکە بەهێزبوون یان لاواز بوونی گرووپە تیرۆریستییەکان لە پاڵ ئەوەی لێکەوتەی لەسەر تەواوی عێراق دەبێت، هەرێمی کوردستانیش بێبەری نابەن لەم لێکەوتانە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

مەبەستمان لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی ئایندەی تیرۆر لە عێراقدا لەسەر بنەمای چەند سیناریۆیەک، بە تێگەشتن لە سیناریۆکان دەکرێت بڕیار بەدەستان چی لە عێراق یان هەرێمی کوردستان کاربکەن بۆ کۆنترۆڵکردن و بنەبڕکردنی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دووبارە گەرانەوە و بەهێزبوونی تیرۆر، چونکە بەهێزبوونی تیرۆر مەترسییە لەسەر سەقامگیری تەواوی عێراق.

**کێشەی توێژینەوە:**

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکەمان خۆی دەبینێتەوە لەو پرسیارەی کە ئایا ئایندەی تیرۆر لە عێراقدا بەرەو کوێ دەڕوات؟ بەمەبەستی گەشتن بە وەڵامێکی ئەکادیمی و زانستی پێویستمان بەوەیە کە وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری تر بدەینەوە لەوانە تیرۆر چییە؟ هۆکارەکانی دروستبوونی

تیرۆر لەعێراقی پاش (٢٠٠٣) دا چیبوون؟ دیارترین گرووپە تیرۆریستییەکان لە عێراق کامانەن؟ سیناریۆکانی ئایندەی تیرۆ لە عێراقدا چین؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەمان کە لە کێشەی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو گریمانەیەکمان داناوە کە خۆی دەبینێتەوە لەوەی (ئایندەی تیرۆر لە عێراق لەبەردەم چەند ئەگەرێکی کراوەدایە هەر لە لاوازبوون و بەرەو کۆتایهاتنی تاوەکو بەردەوامبونی وەک ئێستا، وێڕای ئەوەی سیناریۆی ئەگەری گەرانەوی جارێکی تر بە بەهێزی لەسیناریۆکانی تر زیاترە) لە رێگەی ئەم گریمانەوە لە پاڵ ئەوەی دەگەین بە وەڵامی کێشەی توێژینەوەکەمان یارمەتیدەریشە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی توێژینەوەکەمان.

**میتۆدی توێژینەوە:**

بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سودمان لە هەریەکە لە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک بینیوە بۆ خستنەڕووی چەمکی تیرۆر، میتۆدی وەسفیشامان بەکارهێناوە بۆ ناساندنی بابەتەکانی توێژینەکەمان بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی، هەروەها بە مەبەستی دیاریکردنی سیناریۆکانی ئایندەی تیرۆر لە عێراقدا میتۆدی پەیبردن و میتۆدی گشتیر یان هەمووەکی مان بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە کەڵەکە بووەکان کە سیناریۆکامنان پشتی پێدەبەستێت.

**پەیکەری توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە دوو باس پێکدێت، کە هەریەکە لە باسەکامنان دابەشکردووە بۆ چەند تەوەرەیەک، باسی یەکەممان بە ناونیشانی تیرۆر و دەرکەوتەکانی لە عێراقی پاش (٢٠٠٣) دا، لە دوو تەوەرە پێکدێت، تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانی چەمکی تیرۆر لە ڕووی زانستییەوە ئەم چەمکەمان خستووەتەڕوو، تەوەرەی دووەم بە ناونیشانی دەرکەوتەکانی تیرۆر لە عێراقی پاش (٢٠٠٣) دا، لەم تەوەرەدا لە هۆکارەکانی دروستبونی تیرۆر و دیارترین گرووپە تیرۆریستییەکانی عێراق دواوین، باسی دووەمی توێژینەوەکەشامان بە ناونیشانی سیناریۆکانی ئایندەی تیرۆر لە عێراق، ئەم باسەمان دابەشکردووە بۆ سێ تەوەرە، تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانی سیناریۆی یەکەم : تیرۆر کۆتایی دێت لە عێراقدا لێرەدا باسی ئەو هەوڵە ناوخۆی و نێودەوڵەتیانەمان کردووە کە مەبەستی کۆتایهێنانە بە تیرۆر لە عێراقدا، تەوەرەی دووەم بە ناونیشانی سیناریۆی دووەم: مانەوەی تیرۆر وەک خۆی لە ئێستادا لەم سیناریۆیەدا باسی بارودۆخی عێراقمان کردووە کە چۆن هۆکارێکە بۆمانەوەی تیرۆر بەوشێوەیەی کە هەیە، تەوەرەوی سێیەم بەناونیشانی سیناریۆی سێیەم تیرۆر لە عێراقدا بە بەهێزی دەگەڕێتەوە لەسەر بنەمای بارودۆخی عێراق وهاوکێشە هەرێمی و نێودەڵەتییەکان ئەم سیناریۆیەمان داڕشتووە کە پێشمان وایە بەهێزترین سیناریۆیە چوونکە ئەگەری گەرانەوەی تیرۆر بەهێزە.

## باسی یەکەم: تیرۆر و دەرکەوتەکانی لە عێراقی پاش ٢٠٠٣ دا

کارێکی پەسەندە توێژینەوەی ئەکادیمی بە چوارچێوەیەکی تیۆری دەستپێبکات وەک دەروازەیەک بۆ چونە ناوبابەتی توێژینەوەکەوە هەر لەسەر ئەم بنەمایەش تەوەرەی یەکەمی ئەم باسەمان تەرخانکردوە بۆ خستنەڕووی چەمکی تیرۆر، تەوەرەی دووەمی ئەم باسەشمان بەناونیشانی دەرکەوتەکانی تیرۆر لە عێراقی پاش(٢٠٠٣)دا کە لە دوو لقدا هۆکارەکانی دروستبوونی تیرۆر و دیارترین گرووپە تیرۆریستییەکانی گۆڕەپانی عێراقمان خستووەتە ڕوو.

### تەوەرەی یەکەم:چەمکی تیرۆر

(تیرۆر) یەکێکە لەو چەمکانەی لەڕووی زانستییەوە لێکدانەوە و تێگەیشتنی جیاواز هەیە دەربارەی، هەر لەبەر ئەوەیە لەڕووی ئەکادیمییەوە بە چەندین واتای جیاواز پێناسە کراوە [1]. فێرناندۆ ریناس (Fernando Reinares) پێی وایە لە پێناسەکردنی تیرۆر بە شێوەیەکی ئەکادیمی دەبێت سێ سیفەت جیابکەینەوە:[٢]

١-کردەیەکی توندوتیژییە دەبێتە هۆی دروستبوون و بڵاوبونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ، کە کاریگەری دادەنێت لە سەر هەڵوێست و ڕەفتارەکان.

٢-توندوتیژییەکی سیستەماتیک و پێشبینینەکراوە هەمیشە ئاراستە دەکرێت دژی سیمبولە ئامانجگیراوەکان.

٣- توندوتیژییەکە پەیامەکان و هەڕەشەکردن دەگوازێتەوە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی.

زۆرێک لە توێژەرانی جیهانی بواری (تیرۆر) دیدگاو ڕای تایبەت بەخۆیان هەیە سەبارەت بەم چەمکە، لوسی ڕیچاردسۆن (Louise Richardson) لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە پێناسەکردنی تیرۆردا دەڵێت "بە ئەنقەست ئەنجامدانی توندوتیژییە بۆ بە ئامانجگرتنی خەڵکی مەدەنی لە پێناو ئامانجی سیاسیدا"[٣]. لەسەر بنەمای پێناسەکەی ڕیچاردسۆن تیرۆر بە ئەنقەست توندوتیژی بەکاردەهێنن و ئامانجێکی سیاسیشیان هەیە کە ئەمەش خاڵی هاوبەشی پێناسەکەیەتی لە گەڵ نوسەر و توێژەر (عەمید محەمەد خەلیفە) کە پێناسەی تیرۆر لە دیدی وولاتانی کەنداو دەکات و پێی وایە " بریتییە لە بەکارهێنانی هێز بە شێوەی ڕێکخرا و پەیوەندیدار و ناشەرعی بە مەبەستی بە دیهێنانی ئامانجێک کە سروشتێکی سیاسی هەیە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاژاوە لە سیستەمی گشتی دەوڵەت، لە

[1] محمد عبد المحسن سعدون، مفهوم الإرهاب وتجريمه في التشريعات الجنائية الوطنية والدولية، العدد السابع، ٢٠٠٨، مجلة مركز دراسات الكوفة، ص.١٣٧.

[2] *Gregor Bruce*, Definition Of Terrorism Social And Political Effects, Journal of Military and Veterans' Health, Volume 21 Number 2; May 2013, P.27.

[3] Antonia Ward, How Do You Define Terrorism?, Publish On Nationalinterest, May 31, 2018, Avilabile at: Https://Nationalinterest.Org/Feature/How-Do-You-Define-Terrorism-26058, (Accessed 02/ 12/ 2021)

بوارەکانی (ئاسایشی گشتی، تەندروستی گشتی، گشت دانیشتوان)"[٤]. هەروەها ئەلیکسەندەر لی (Alexander Lee) پێناسەی تیرۆری کردووە کە پێناسەکەی لە پێناسەکەی (لوسی ڕیچاردسۆن) زۆر نزیکە و خاڵی هاوبەشی هەیە لەگەڵ پێناسەکەی (عەمید محەمەد خەلیفە) و سەبارەت بە تیرۆر دەڵێت "تیرۆر بەبەکارهێنانی توندوتیژی پێناسەدەکات بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی، کاتێک کە ئەو توندوتیژییە بە شێوەیەکی سەرەکی مەبەست لێی دروستکردنی ترس بێت لە نێوان خەڵکی مەدەنی و دانیشتواندا"[٥]. واڵتەر لاکویریش سەبارەت بەتیرۆ پێی وایە "بریتییە لەبەکارهێنان یان هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژییە، شێوازێکی شەڕکردن یان ستراتیژیەتیەکە بۆ بە دەستهێنانی چەند ئامانجێک، کە ئامانجی دروستکردنی ترسە لای کەسی قوربانی کە ئەمەش کارێکی بێبەزەییانەیە و لە گەڵ ڕێسا مرۆییەکان یەکناگرێتەوە و بنەڕەتی کاری تیرۆریستییە"[٦]. ئەوەی ئەم پێناسەی (واڵتەر لاکویر) جیادەکاتەوە لە هەندێک لە پێناسەکانی پێشووتر پێی وایە کە تیرۆر تەنها بەکارهێنانی توندوتیژی نییە بەڵکو هەڕەشکردن بە بەکارهێنانی توندوتیژیش دەکرێت بە تیرۆر هەژمار بکرێت.

لەپاڵ ئەوەی (تیرۆر) پێناسەکردنی بە شێوەیەکی ئەکادیمی لە بواری زانستی سیاسیدا قورسە ئەمەش بەهۆی ئەو لێکدانەوە زۆر و ئایدیا جیاجیانەی لەبارەیەوە هەیە[٧] بەڵام هەندێک پێیان وایە (تیرۆر)" لە سیاسەتدا بە کار و کردەوەی توندوتیژانە و نایاسایی و تۆقێنەرانە دەگوترێت کە بۆ وەلانان و سەرکوت و لە ناوبردنی دژبەران، بەکاردەهێنرێت لە لایەن تیرۆریستانەوە، هەروەها (تیرۆریست) کەسێکە کە ئەنجامدەر و جێبەجێکەری تیرۆرەکەیە، هەرچی (تیرۆریزم)یشە واتە بۆچوونێک یان ئایدیایەک کە بڕوای بە مرۆڤ کوژی و هەڕەشە و پێکهێنانی کەشێکی پڕ لە ترس و تۆقاندن بۆ لەناوبردن و وەدەرنانی کە سانی دژبەر لە گۆڕەپانەکە هەیە[٨].

تیرۆر وەک دیاردەیەکی سەردەم زۆرێک لە یاسادانەرانی وڵاتان یاسای تایبەتیان بۆ دەرکردووە و پێناسەیان بۆ داناوە، لەبەرئەوەی سنوری جوگرافیای توێژینەوەکامان تایبەتە بە عێراق پێمان باشە بە پێی یاسادانەری عێراق ئەم چەمکە بخەینەڕوو، "لە دەستوری هەمیشەی عێراقی (٢٠٠٥)دا چەندین بنەمای یاسایی هەیە بۆ ڕێگریکردن لە تیرۆر کە چەندین یاسا لەسەر ئەم بنەمایانە دانراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی، لە دیباجەی دەستورەکەدا هاتووە تیرۆریش نەبووە ڕێگر لە بەردەمماندا بۆ

[٤] د.هيثم عبدالسلام محمد، مفهوم الارهاب في الشريعة الاسلامية ، دار الكتب العلمية، ط١، بيروت، ٢٠٠٥، ص٢٧.

[5] Alexander Lee, Who Becomes A Terrorist? Poverty, Education, And The Origins Of Political Violence, World Politics, Volume 63, Number 2, April 2011,P.205.

[6] Joseph S. Tuman, Communicating Terror: The Rhetorical Dimensions of Terrorism, SAGE Publications,2010,p9.

[7] Leonard Weinberg , Ami Pedahzur & Sivan Hirsch-Hoefler, The Challenges Of Conceptualizing Terrorism, Terrorism And Political Violence, Vol.16, No.4 (Winter 2004), P777.

[٨] محەمەد حاجی زادە، فەرهەنگی ڕاڤەیی ئیزم ە کان، و:سیروان موسا پوور، کتێبخانەی هەژار موکریانی، چ١، تاران، ٢٠١٨، ل.١٤٣.

بنیاتنانی دەوڵەتی یاسا، ئێمەی گەلی عێراق ئێستا دوای هەستانەوەمان ..... لەڕێی ڕژێمێکی کۆماری فیدراڵی دیموکراسی فرەیی.... پەیمانماننداوە هیمەت بکەین بۆ ڕێزگرتن لە بنەما یاسای و لەناوبردنی سیاسەتی دوژمنکارانە... ڕیشەکێشکردنی ئاگری تیرۆر[9]، جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کە بەپێی (یاسای ژمارە (١٣) بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ساڵی (٢٠٠٥) ی عێراق کە لە (٦) مادە پێکهاتووە لە مادەی یەکەم بەم شێوەیە پێناسەی تیرۆر کراوە " هەر کردەیەکی تاوانکارییە، کە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک یان دامەزراوەیەکی فەرمی یان نافەرمی کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە موڵک و ماڵی گشتی یان تایبەتی، بەمەبەستی تێکدانی ئاسایش و ئارامی و یەکپارچەیی نیشتیمانی و نانەوەی ترس و تۆقاندن لە نێوان خەڵکدا یان نانەوەی ئاژاوە لە پێناوی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی تیرۆریستی"[10].

لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی **(تیرۆر)** لە پاڵ ئەوەی کە لێکدانەوە و تێڕوانینی جیاواز دەربارەی هەیە بەڵام زۆربەی توێژەر و لێکۆڵەرەوەکانی ئەم بوارە بڕوایان بەوە هەیە کە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و بوونی ئامانجی سیاسی و جیاوزی نەکردن لە نێوان قوربانییەکان، لە گرنگترین تایبەت مەندی و توخمە پێکهێنەرەکانی ئەم دیاردەیەن، و بە بۆچوونی ئێمەش تیرۆر دیاردەیەکی نامرۆڤانەی ناڕەوایە، کە خۆی لە بەکارهێنان یان هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی دڵڕەقانەترین شێوازەکانی توندوتیژی دژی هاوڵاتیانی مەدەنی و دامودەزگاکان دەبینێتەوە بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی.

**تەوەرەی دووەم: دەرکەوتەکانی تیرۆر لە عێراقی پاش(٢٠٠٣)دا**

بۆ ئەوەی بتوانین لە دەرکەوتەکانی تیرۆر بگەین لە عێراقدا، ئەم تەوەرەمان دابەشکردووە بۆ دوولق، لە لقی یەکەم هۆکارەکانی دروستبوونی تیرۆرمان خستووەتەڕوو، هەروەها لە لقی دووەم دیارترین گرووپە تیرۆریستییەکانمان لە عێراق ناساندووە کە تیرۆر لەم وولاتەدا لە شێوەی ئەو گرووپانەدا خۆی نمایش کردووە.

**لقی یەکەم: هۆکارەکانی دروست بوونی تیرۆر**

لێکدانەوەی جیاواز هەیە سەبارەت بە دیاریکردنی هۆکارەکانی دروست بوونی (تیرۆر) ئەمەش دەرئەنجامی ئەوەیە کە هۆکارەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێن، بەشێوەیەکی گشتی هۆکارەکانی دروستبوونی (تیرۆر) زۆر و هەمەچەشنن، پۆلێنەکانیش بۆ دیاریکردنیان جیاوازن بەڵام دەکرێت گرنگترین هۆکارەکانی دروستبوونی تیرۆر لە عێراقدا دابەشبکەین بۆ هۆکارە دەرەکییەکان و هۆکارە ناوخۆییەکان.

---

[9] د.ئومێد ڕەفیق فتاح، د.عابد خالید رسول، ئەوانی تر، سەرهەڵدانەوەی گروپە تیرۆریستییەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، ٢٠١٩، ل. ٣٨.

[10] قانون مكافحة الارهاب رقم (١٣) لسنة (٢٠٠٥)، الوقائع العراقية ،ع: (٤٠٠٩)،٢٠٠٥/١١/٩، ص١.

**یه‌كه‌م: هۆكاره‌ ده‌ره‌كییه‌كان:**

مه‌به‌ستمان له‌ هۆكاره‌ ده‌ره‌كییه‌كان داگیركردنی عێراقه‌ له‌ لایه‌ن ئه‌مریكاوه‌ و ده‌ستوه‌ردانی وڵاتانی دراوسێی عێراقه‌ له‌ كاروباری ناوخۆیی پاش (٢٠٠٣). به‌ داگیركردنی عێراق له‌ لایه‌ن ئه‌مریكاوه‌ ئه‌م وولاته‌ گۆڕا بۆ شوێنی مه‌شقی گرووپه‌ جیهادییه‌كان كه‌ له‌ چه‌ندین ووڵاتی جیهادی ئیسلامییه‌وه‌ به‌ په‌ڕینه‌وه‌ به‌ خاكی سووریا، خۆیان گه‌یانده‌ عێراق، عێراق شوێنێكی له‌ باربوو به‌ به‌راورد به‌ ئه‌فغانستان له‌ به‌رئه‌وه‌ی عێراق ناوجه‌رگه‌ی وڵاتانی عه‌ره‌بییه‌ و زمانی یه‌كه‌می قسه‌كردنی زۆربه‌ی هاوڵاتیانی عه‌ره‌بییه‌[١١]. داگیركردنی عێراق له‌ لایه‌ن ئه‌مریكاوه‌ له‌ ساڵی(٢٠٠٣) دا یارمه‌تیده‌ر بوو بۆ ئه‌وه‌ی كه‌ ئه‌م ووڵاته‌ ببێته‌ مۆڵگه‌ی تیرۆر به‌وپێیه‌ی جیهادییه‌كان له‌ سه‌رانسه‌ری جیهانه‌وه‌ ڕویان كرده‌ عێراق، ئه‌مه‌ش هۆكارێكی سه‌ره‌كی بوو بۆ به‌هێزبوون و ته‌شه‌نه‌ كردنی تیرۆر له‌م وڵاته‌دا.

له‌ سه‌ره‌تای داگیركردنی عێراق له‌ لایه‌ن ئه‌مریكا، ئێران یارمه‌تی چه‌ندین میلیشیا و گرووپی جیاوازی شیعه‌ ده‌دات بۆ ئه‌وه‌ی كه‌ سه‌قامگیری سیاسی له‌ عێراق نه‌یه‌ته‌ بوون و هێزه‌كانی ئه‌مریكا به‌ ئامانج بگرن[١٢] هه‌روه‌ها ژماره‌یه‌كی زۆر خۆبه‌خشی سعوودی له‌ پاش (٢٠٠٣)ه‌وه‌ ڕوویان كردووه‌ته‌ عێراق بۆ شه‌ڕكردن دژی سوپای ئه‌مریكا ئه‌مه‌ش ده‌بێته‌ هۆی شه‌رمه‌زارییه‌كی گه‌وره‌ بۆ ده‌سه‌ڵاتی (سعوودیه‌) كه‌ هاوپه‌یمانی ئه‌مریكایه‌ له‌ سه‌ر ئه‌م بنه‌مایه‌ش ئه‌مریكا ڕه‌خنه‌ی توند له‌ سعوودیه‌ گرتووه‌ كه‌ سنووره‌كانی كۆنترۆڵنه‌كردووه‌ و تیرۆریستان له‌ و سنووره‌وه‌ هاتوونه‌ته‌ عێراق بۆ تێكدانی ئاسایشی[١٣] شیعه‌كان كه‌ له‌ دوای ساڵی (٢٠٠٣)ه‌ تاوه‌كوو ئێستا به‌هۆی ئه‌وه‌ی كه‌ زۆرینه‌ن ده‌سه‌ڵاتیان گرتووه‌ته‌ ده‌ست هه‌میشه‌ پێیان وا بووه‌ كه‌ زۆربه‌ی ئه‌و تیرۆریسته‌ بیانییانه‌ی كه‌ له‌ عێراقدا شه‌ڕ ده‌كه‌ن له‌ سعودییه‌وه‌ هاتوون یان لانی كه‌م ئیلهامیان له‌ ڕێبازی وه‌هابی وه‌رگرتووه‌ كه‌ سه‌رچاوه‌كه‌ی سعوودیه‌یه‌[١٤]. كه‌واته‌ له‌پاش ئێران ووڵاتی سعوودییه‌ كاریگه‌ری نه‌رێنی هه‌بووه‌ له‌ سه‌ر ئاسایشی عێراق ئه‌مه‌ش بووه‌ته‌ هۆی به‌هێزبوون و دروستبوونی ناسه‌قامگیری له‌ عێراقدا.

سووریاش یه‌كێكی تر له‌و ده‌وڵه‌تانه‌ی دراوسێی عێراقه‌ له‌ پاش داگیركردنی عێراق له‌ لایه‌ن ئه‌مریكاوه‌ ترسی ئه‌وه‌ی هه‌بووه‌ ئه‌و سه‌قامگیرییه‌ی كه‌ هه‌یه‌تی له‌لایه‌ن ئه‌مریكاوه‌ تێكبدرێت، بۆیه‌ هاوكاری گرووپه‌ تیرۆریستییه‌كانی كرد بۆ ئه‌وه‌ی بێنه‌ ناوعێراقه‌وه‌ و هه‌ندێك له‌ گرووپه‌ تیرۆریستیه‌كان له‌ناو خاكی سووریا مه‌شقیان پێده‌كرا له‌ (بوكه‌مال)، هه‌ر بۆیه‌ ئه‌مریكا له‌ ساڵی

---

[١١] عبد الباری عطوان، الدولة الاسلامیة الجذور والتوحش و المستقبل، دار الساقی، ط٢، بیروت، ٢٠١٥، ص٩٥.

[12] Daniel Byma, Iran, Terrorism, And Weapons Of Mass Destruction, Studies In Conflict & Terrorism, No:31, 2008, P.174.

[١٣] ثامر عبد العزیز السعید، الارهاب فی العراق بین اسبابه الحقیقیة وأبعاده الاقلیمیة، منشورات زین الحقوقیة، بیروت، ٢٠١٨، ص١٧٠.

[14] Sean Kane, The Coming Turkish Iranian Competition in Iraq, United States Institute of Peace, SPECIAL REPORT, Washington, 2011, p.8.

(٢٠٠٨)دا وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ سووریا هێرشی کردە سەر (بوکەمال)، ئەمە یەکەم ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەمریکا بوو لە سووریا لە پاش داگیرکردنی عێراق[١٥]. هەرچی تورکیاشە کە سنورێکی فراوانی هەیە لەگەڵ عێراق، لەپاڵ ئەوەی کە هەندێک پێیان وایە کە هاوکاری گرووپە تیرۆریستییە سونییەکان ناکات، وەک ئەوەی کە ئێران چۆن هاوکاری میلیشیا شیعەکان دەکات یان سعوودییە کە هاوکاری سوننەکان دەکات[١٦]، بەڵام هەندێکی تر هەمیشە پەنجەی بۆ ڕادەکێشن کە هاوکاری هەندێک گرووپی تیرۆریستی دەکات لە عێراقدا، لەوانە: داعش، کە ئامانجی لە یارمەتیدانی داعش جێبەجێکردنی بەشێک لە سیاسەتەکانیەتی[١٧].

بە شێوەیەکی گشتی وڵاتانی دراوسێی عێراق ڕۆڵێکی خراپیان هەبووە لە هاوکاریکردن و کارئاسانیکردن بۆ گەشەکردن و فراوانبوونی تیرۆر لە عێراقدا ئەمەش لەوە وە سەرچاوەی گرتبوو کە پێیان وابوو نا سەقامگیری لە عێراقدا دەیانپارێزێت لە هێرشکردنە سەریان لە لایەن ئەمریکاوە، هەروەها زۆرجار عێراق بووەتە شوێنی یەکلاکردنەوەی ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیش.

**دووەم: هۆکارە ناوخۆییەکان:**

هۆکارە ناوخۆییەکانی دروستبونی تیرۆر لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە ئەمەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی ڕامیاری ئەو وڵاتانەوە هەیە لەگەڵ پێکهاتەی بونیادی کۆمەڵگاکان کە لە یەکتری جیاوازن، لە عێراقی پاش (٢٠٠٣) دا چەندین هۆکار هەبوون بۆ دروستبوونی تیرۆر لەسەر ئاستی ناوخۆیی، کە ئێمە لێرەدا گرنگترینیانمان خستووەتە ڕوو:

لە ڕووی سیاسییەوە باڵادەستبوونی شیعە و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات و خراپ بەکارهێنانی دەکرێت وەک هۆکارێکی دروستبوونی تیرۆر هەژمار بکرێت[١٨]. هەموو حکومەتەکانی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٦) ەوە شیعەکان کۆنترۆڵی تەواویان بەسەریدا کردووە و نەیانتوانیوە حکومەتێکی نیشتمانی بن و ڕەنگدانەوەی تەواوی پێکهاتەکان بن، بۆیە زۆرجار کێشە مەزهەبی و ئایینییەکانیان زیاتر قووڵکردووەتەوە، ئەمەش یارمەتی گرووپە تیرۆریستییەکانی داوە سوود لە ململانێی شوناس وەربگرن کە لە عێراقدا هەبووە. هەروەها لە ڕووی ئابوورییەوە بوونی گەندەڵی و بێکاری و نادادپەروەری لە دامەزراندنی خەڵکدا، هۆکار گەلێکی گرنگی پاڵنەرن بۆ کردەوەی تیرۆریستی، هەر لەسەر ئەم بنەمایە، ئەگەر تەماشایەکی ئەوانە بکەین کە پەیوەندییان بە گرووپی تیرۆریستی داعشەوە کردووە لە ساڵی ( ٢٠١٣ _ ٢٠١٤) دا ڕێژەیەکی بەرچاویان کە بە لە (١٠٪) دەخەمڵێنرێن

---

(15) Harith Hasan and Kheder Khaddour, The Transformation of the Iraqi-Syrian Border: From a National to a Regional Frontier, Carnegie-MEC, uk,2020, p.8.

(16) Sean Kane, The Coming TurkishIranian Competition in Iraq, United States Institute of Peace, 2011, p.9.

(١٧) هاوکار عبدوڵڵا، داعش لە نێوان ململانێی مەزهەبی و شکستی بەهاری عەرەبیدا، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١٥٩.

(١٨) عیرفان عەزیز عەزیز، ئایندەی پرۆسەی سیاسی عێراق، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١٥ ، ل٧٤.

بێکار بوون، واتە دانەمەزراون"[١٩] هەروەها سەرکردە سیاسییەکانی عێراقیش دانیان ناوە بەوەی کە گەندەڵی گەورە هەیە عادل عەبدولمەهدی سەرۆکی حکومەتی رابردووی عێراق دەڵێت "گەندەڵی عێراقی تەنیوە بە رێژەی (٤٥٠) ملیار دۆلار زیانی لە عێراق داوە" [٢٠]. رێکخراوی شەفافیەتی نێودەڵەتی لە راپۆرتێکیدا ئەوەی سەلماندووە کە گەندەڵی هۆکارێکی سەرەکی تیرۆرە بۆ ئەم مەبەستە نموونەی عێراقی ساڵی (٢٠١٤) وەر گرتووە کە لەو ساڵەدا عێراق لە پلەی (١٧٠) هەمین گەندەڵترین دەوڵەت بووە لە ناو (١٧٤) دەوڵەتدا، کە ئەم ساڵە هاوکاتە لەگەڵ داگیرکردنی بەشێکی عێراق لە لایەن داعشەوە، داعش سوودمەند بوو لەو نادادپەروەری و گەندەڵییە گەورەیە بۆیە بانگەشی ئەوەی دەکرد کە ئەوان ئاسایش و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پێداویستییەکان بۆ هاوڵاتیان دابین دەکەن[٢١] دەکرێت هەژاری و بێکاری و درووستبوونی جیاوازی چینایەتی گەورە لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا بە هۆکار بۆ ئەوەی کە تاک پەیوەندی بە گرووپە تیرۆریستییەکانەوە بکەن و ببین بە تیرۆریست هەژماربکرێت.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی دروست بوونی تیرۆر لەعێراقدا پەیوەدنی بە فەرمانێکی پۆل بریمەر هەبوو کە لە( ٢٠٠٣/٣/٢٥ ) فەرمانی ژمارە (٢) ی دەرکرد کە بەپێی ئەم فەرمانە هێزی سەربازی عێراق هەڵوەشێنرایەوە کە ژمارەیان( ٣٨٥ ) هەزار بوو (٢٨٥ ) هەزاریان سەربە وەزارەتی ناوخۆ بوون و (٥٠) هەزاریان سەربە یەکەی ئاسایشی سەرۆکایەتی بوون[٢٢] هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق و دامەزراوە سەربازییەکان وایکرد کە سەدان هەزار کەس تووشی بێکاری بن و لە بارودۆخێکی قورسدا ژیان بەسەربەرن، بۆیە هەندێك لە سەربازانی سوپای عێراقی پەیوەندییان بە گروپە تیرۆریستیەکانەوە کرد[٢٣]. بەتایبەتی کاتێک زەرقاوی رێکخراوێکی جیهادی سەلەفی بەناوی (قاعیدەی جیهاد لە وڵاتی رافیدەین) دروستکرد زۆرێک لە ئەفسەرە بەعسییەکانی سوپای پێشووی عێراق پەیوەندییان پێوەکرد[٢٤]. یەکێک لە بڕیارە هەڵەکانی ئەمریکا هەڵوەشاندنەوەی تەواوی دامودەزگا سەربازییەکانی رژێمی پێشووی عێراق بوو بەو پێیەی دەکرا سوود لە ئەزمون و لێهاتوویی زۆرێک لەو کەسە شارەزایانە وەربگیرایە بۆ بەرقەرارکردنی سەقامگیری و ئاسایش لە عێراقدا، لە بری

---

[19] Jessica Trisko Darden, Tackling Terrorists' Exploitation Of Youth, The American Enterprise Institute, USA, 2019, P.8.

[٢٠] أحمدى هادي، ٢٠ قصة فساد... كيف ضاعت ٥٠٠ مليار دولار في العراق،نشر٢٠١٩/١١/٧ ، من موقع الاليكترونى: https://bit.ly/34rjPIy ، زيارة ٢٠٢٢/٢/٢٢.

[٢١] منظمة الشفافية الدولية في المملكة المتحدة ، الطابور الخامس فهم العلاقة بين الفساد والنزاع، منظمة الشفافية الدولية، المملكة المتحدة، ٢٠١٧، ص٢٢.

[22] James P. Pfiffner, Us Blunders In Iraq: De-Baathification And Disbanding The Army, Intelligence And National Security Vol. 25, No. 1, 76–85, February 2010, P.80.

[٢٣] دعماد جاسم حسن، أثر الارهاب على الاوضاع الاقتصادية فى العراق وانعكاساته الاجتماعية..الاسباب والمعالجات،مجلة بحوث،تصدر عن مركز لندن للبحوث والدراسات والاستشارات،العدد الثامن عشر،شباط ٢٠١٨،ص١١٩.

[٢٤] د.ئازاد عەلی، بەراییەکانی دەرکەوتنی داعش وەک هێزێکی سەربازی و ئایدیۆلۆژی، لە کتێبی کوردستان و پۆست داعش، نوسینی ئازاد عەلی، هاورێ باخەوان و ئەوانیتر، ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، چ.٣، ٢٠٢٠، ل٢٢.

ئەوەی کە تواناکانیان بخەنە خزمەتی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە.

عێراق وولاتێکە کە پێکهاتەی جیاوازی تێدایە چی لە رووی ئاینزا و ئاین یان نەتەوە، لە جیاوازی ئاین و مەزهەب و نەتەوە وای کردووە بەشداریکردنێکی یەکگرتوو نەبێت لەنیو پێکهاتەکان لەسەر بنەمای پێکەوە ژیانی راستەقینەی پێکهاتەکان، ناکۆکیە دینی و مەزهەبیەکان لە عێراقدا بوونەتە گەورەترین پاڵپشتی دروستبوونی تیرۆر بەشێوەیەك هەندێك لە سەرکردە سیاسییەکان وایان کردووە هەستی ئاینزایی خەڵك دژی یەکتری بورووژێنن، لە کاتی دروستبوونی داعش دەبینین زۆرێك لە هۆزە عەرەبەکانی مووسڵ هاوکاریان دەبن وە بەیعەتییان پێدەدەن[٢٥].لە زۆرێك لەوڵاتە پێشکەوتووەکان ئەم پێکهاتە جیاوازە بۆتە بنەمای بەهێزی و پێشکەوتنیان وەك سویسرا و ئەمریکا بەڵام لە وولاتێکی وەک عێراقدا جیاوازی مەزهەبی وەک بە شێک لە بنیاتی کۆمەڵایەتی عێراق بووەتە هۆکارێکی بنەڕەتی دروست بوونی تیرۆر و بەهێزبوونی گرووپە تیرۆریستییەکان.

**لقی دووەم: گرووپە تیرۆریستییەکان لە عێراقدا**

لە عێراقی پاش(٢٠٠٣) دا چەندین گروپی تیرۆریستی دروستبون، کە لێکەوتەوی نەرێنییان لەسەر سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق بە جێهێشتووە، لێرەدا پێمان باشە گروپە تیرۆریستییەکان دابەشبکەین بۆ (گرووپە تیرۆریستییە سوننییەکان و گرووپە تیرۆریستییە شیعییەکان).

أ-**گرووپە تیرۆریستییە سوننییەکان**

لەناو سوننەکانی عێراقدا بە هۆی پەراویزخستنیانەوە لە پرۆسەی سیاسی پاش (٢٠٠٣) بەدەیان رێکخراو و باند و تاقمی توندڕەوی تیرۆریستی دروستبوون، لێرەدا پێمان باشە کە دوو نموونە بخەینە ڕوو لە و گروپانە کە ئەوانیش (ئەلقاعیدە و داعش)ە لە سەر ئەو بنەمایەی کە ئەم دوو گرووپە دیارترین و زۆرترین چالاکی تیرۆریستییان لە عێراقدا ئەنجامداوە:

١-**قاعیدە لە عێراق**

لەدوای دەستپێکردنی هێرشی ئاسمانی هێزەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان زەرقاوی لەگەڵ شوێنکەوتووەکانیدا ئەفغانستان بە جێدەهێڵێت ڕوو دەکاتە ئێران و دواتر دێتە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و گرووپی (التوحيد والجهاد) دروست دەکات و پاشان دەست بە جموجۆڵ کردن دەکات لە سنووری ئێران و عێراق و سووریا و لوبنان و ناوچە کوردییەکانی باکووری عێراق ئەم گەرانەی زەرقاوی لەیەك کاتدا بۆ خۆلادان بوو لەوەی بکرێتە ئامانجی سیخوری و لەناو ببرێت، هەروەها بۆ فراوانکردنی تۆڕی گرووپەکەی بوو[٢٦]زەرقاوی بە هاوکاری رێکخراوی ئەلقاعیدە هانی

---

[٢٥] د. سامر مؤيد عبد اللطيف وم.م. حمد جاسم محمد، الإرهاب وتأثيره على التعايش السلمي بين الأديان والمذاهب في العراق، بحث مقدم الى (المؤتمر الوطني حول الاعتدال في الدين والسياسة) يومي ٢٢ و٢٣ اذار٢٠١٧، الذي عقد من قبل مؤسسة النبأ للثقافة والاعلام ومركز الدراسات الاستراتيجية في جامعة كربلاء ومركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية،نشر في ٢٠١٨/٧/١٤، على موقع https://m.annabaa.org/arabic/studies/15915، زيارة٢٠٢٢/٢/١.

[26] M. J. Kirdar, op.cit, p3.

موسڵمانانی جیهان ئەدات رووبکەنە عێراق بۆ شەڕکردن دژی داگیرکاری ئەمریکی وە بۆ ئەم مەبەستە زەرقاوی دەستی کرد بە رێکخستنی تۆڕەکەی و دەستخستنی چەك، تۆڕیکی سیخوری دروستکرد بە مەبەستی نانەوەی تەڵە بۆ سەربازانی ئەمریکا لەعێراق.(٢٧)

گروپی (التوحید والجهاد)ی زەرقاوی کە پێشتر لە باکووری عێراق(هەرێمی کوردستان) دایمەزراندبوو بە هاوکاری گرووپێکی ڕاهێنرا و لە جەنگاوەرە تیرۆریستییەکان کە لە کەمپی هارات لە ئەفغانستان مەشقیان پێکرابوو، لە سەرەتای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە دەست دەکەن بە دروستکردنی شانەی نوستوو لە (بەغداد) کە ئەمە دەبێت بە سەرەتایەکی بنەرەتی دژی داگیرکاری ئەمریکا و بەهێزبوونی گرووپە تیرۆریستییەکان، چالاکییەکانی ئەم گرووپە بەخێرایی بووە هۆی بڵاوبونەوەی ناوبانگی بەتایبەت لەدوای تەقینەوەی مزگەوتی شیعەکان لە نەجەف و تەقاندنەوەی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا و هەروەها تەقاندنەوەی باڵویزخانەی ئوردن، ئەمە بووەهۆی ئەوەی لە ئەفغانستانەوە تیرۆریستە بە ئەزموونەکان پەیوەندی بەم گروپەوە بکەن ئەم گروپە هەست و سۆزی سوننەکانیان بەکاردەهێنا و داوایان دەکرد دژی شیعە بوەستنەوە، خاڵێکی گرنگ لە ژیانی زەرقاوی ئەوە بوو لە مانگی( ٩ ی ساڵی ٢٠٠٤ )دا بە ڕەسمی بەیعەت ئەدات بە (القاعدة) و ئەلقاعیدەی عێراق دروست دەکات ناوی دەنێت (قاعدة الجهاد فی بلاد الرافدین) ، بەهۆی کارە دڕندانەکانییەوە ئەلقاعیدەی عێراق و زەرقاوی لە میدیا دا سەرنجی زۆریان لەسەر بووە(٢٨) ئەمریکییەکان وەك دووەم ترسناکترین تیرۆریست لەسەر ئاستی جیهان تەماشای زەرقاوییان دەکرد لەدوای ئوسامە بنلادنەوە بۆیە دەیکەنە ئامانجی هێرشە ئاسمانییەکانیان و لە (٢٠٠٦/٦/٧ )لە ئەنجامی هێرشێکی ئاسمانی هێزی ئەمریکا لە عێراق زەرقاوی دەکوژرێت(٢٩).

**٢-داعش**

ئەو رێکخراوەی (أبومصعب الزرقاوی) دروستی کرد بە کوژرانی کۆتایی نایەت و بەردەوام دەبێت لەژێر سەرکردایەتی سەرکردە تیرۆریستییە جیهادییەکان و چەندین گۆڕانکاری لە ناوەکەیدا ڕوودەدات لە ساڵی (٢٠٠٦) دوای کوژرانی (ابومصعب)، (ابوحمزه المهاجر) بوو بە ئەمیری رێکخراوی (القاعدة) و دواتر (ابوعمر البغدادی ) بوو بە سەرۆکی ئەو قەوارە سیاسییەی لە ژێر ناوی (دولة العراق الاسلامیة) خۆی ڕاگەیاند لە(٢٠١٠/٤/١٩) هەر دووک لە (ابوعمر البغدادی) و (ابوحمزه المهاجر) بە بۆمبارانی فڕۆکەکانی ئەمریکا لە ماڵێکدا لە ناوچەی (ثرثار)کوژران. دوای کوژرانی (ابوعمر البغدادی ) لە ساڵی ٢٠١٠، (ئەبوبەکر بەغدادی) سەرکردایەتی ئەم ڕێکخراوە دەگرێتە

(27) M. J. Kirda, op.cit, p4.

(28) Tomáš Kaválek, From al-Qaeda in Iraq to Islamic State: The Story of Insurgency in Iraq and Syria in 2003- 2015, Vol. 14, No. 1, Spring 2015,p5.

(29) Peter Chambers,Abu Musab Al Zarqawi: The Making and Unmaking of an American Monster (in Baghdad) Alternatives: Global, Local, Political , February 2012, Vol. 37, No. 1 (February 2012), p.٤٠.

دەست کار و چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە زیاد دەکات و فراوان دەبێت.[٣٠]

بەهۆی سەرکەوتنەکانی داعش بەغدادی خۆی کرد بە خەلیفەی مسوڵمانان لە هەموو جیهان و هەروەها ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامی گۆڕی بۆ (دەوڵەتی ئیسلامی) لە (٢٠١٤/٦/٢٩) ، هەرچەندە تازە ناوی(داعش) یان وا پێوە نووسا، لێیان نابێتەوە[٣١]. جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین ئەبوبەکر بەغدادی توانی سوود لە چەوساندنەوەی سوننەکان ببینێت لە عێراقدا و سەرنجیان ڕابکێشێت کە هاوکاری بن لە (٢٠١٤) دا مووسڵ داگیر بکات کە دووەمین شاری گەورەی پڕ لە دانیشتووانە لە عێراقدا[٣٢] .

**ب. گرووپە تیرۆریستییە شیعییەکان:**

لە پاڵ ئەوەی کە لەناو سوننەکاندا بەهۆی پەراوێزخستنیانەوە چەندین گرووپی تیرۆریستی دروست بوون کە لە سەرەوە ئاماژەمان بە ناوی هەندێکیان کرد لەناو شیعەکانیش چەندین گروپی و میلیشیای تیرۆریستی پاش ساڵی (٢٠٠٣) بە هاوکاری ئێران دەرکەوتن، لە پاش رووخانی رژێمی پێشووی عێراق ئێران دەستیکرد بە پێشکەشکردنی یارمەتی و مەشقپێکردن بە گرووپ و میلیشیا شیعەکان لە عێراقدا لەراستیدا هەندێك لەم گروپ و میلیشیانە پێشتر دروستکرابوون بەتایبەت لەسەردەمی سەدام حسین دژی ئەو رژێمە سەرکوتکارە بوون دواتر ئێران سودی لەم گروپ و میلیشیانە وەرگرت کاتێك بەشداری پرۆسەی سیاسی عێراقیان کرد[٣٣] یەکێك لە دیارترین گرووپە چەکدارە شیعەکان کە لە ساڵی (٢٠٠٣) وە دژی سوپای ئەمریکا لە عێراق شەڕی دەکرد سوپای مەهدی موقتەدا سەدرە و بەرپرسی زۆربەی کارە توندوتیژییەکانە بەتایبەت لە ساڵانی (٢٠٠٦-٢٠٠٧).[٣٤]هەروەها عەسائیبی ئەهلی حەق کە لە (٢٠٠٤) دامەزراوە سەرەتا سەر بە رەوتی سەدر بوون دواتر لە( ٢٠٠٦ )جیابوونەوە تاوانبارن بە قووڵکردنەوەی ململانێی نێوان شیعە و سوننە و ئەم گرووپە لە هەرە توندرەوترین گرووپەکانی شیعەن لە عێراقدا.[٣٥] ڕێکخراوی بەدریش کە (هادی عامری) سەرۆکایەتی دەکات لە ئێستادا یەکێکی ترە لەو گرووپانەی کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئێران هەیە[٣٦]، ئەو پەیوەندییە بە هێزە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سوپای بەدر لە ئێران

---

[٣٠] جەزا ئەحمەد فارس، ئایدۆلۆژیای تیرۆر داعش بە نمونە، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە(٦)، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٥.

[٣١] جەزا ئەحمەد فارس، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

[٣٢] کارۆلین کێنۆن، سەرهەڵدانی داعش تیرۆریزم لە سەدەی نوێدا، و: تەحسین تەها چۆمانی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١٠٣.

[٣٣] بێستون حسێن عارف، حەشدی شەعبی لەنێوان میلیشیا بوون و بە فەرمیبووندا،گۆڤاری جۆرناڵ،ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لەململانێی و قەیرانەکان دەریدەکات،،ژمارە(٤٠)، ٢٠١٩،ل٦٦.

[34] Maha Azza, Iraq and Political Islam, in the research Iraq Ten Years, Edited by Claire Spencer, Jane Kinninmont and Omar Sirri, The Royal Institute of International Affairs, 2013,P.23.

[٣٥] ئەنوەر حسێن بارگر، داعش و میلیشیاکان، دەزگای ئایدیا،چ١، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٨٢.

[٣٦] هدى رؤوف، ماذا بعد تأسيس إيران الميليشيات الشيعية في دول النزاع؟ ، نشر: الجمعة ١٩ يوليو ٢٠١٩ ، من موقع الاليكتروني: shorturl.at/lGPRU، زيارة ٢٠٢٢/٢/١٥

دروستکراوە لە ساڵی (١٩٨١)دا بە ناوی (فیلق بدر) دوای (٢٠٠٣) گەڕاونەتەوە بۆ عێراق و بەرپرسیارن لە چەندین کردەی تیرۆریستی کە تێیدا زانایان و دەستەبژێر و دکتۆرەکانی عێراقیان کردووەتە ئامانج[٣٧]. (کتائب حزب الله) لیواکانی حزب للآی عێراقی یەکێکە لە میلیشیا سەرەکییەکانی عێراق لە ژێر سەرکردایەتی ڕاستەوخۆی ئێراندا کاردەکات، کە پێکهات لە یەکگرتنی چەند کۆمەڵەیەکی تایبەت لە لایەن سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران (٢٠٠٥-٢٠٠٧ ) بەڕێوە دەبران، لە ساڵی (٢٠٠٩) وە ئەمریکا کردوویەتییە ناو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییە جیهانییەکانەوە کە بەرپرسیارن لە هێرشکردنە سەر سوپای ئەمریکا و دروستکردنی ناسەقامگیری سیاسی لە عێراقدا[٣٨] ئەم میلیشیایە میلیشیایەکی چەکدارە کە بەشداربوون لە چەندین کاری تاوانکاری لەوانە لە شەڕی مەزهەبیدا لە دژی پێک هاتەکانی تری عێراق[٣٩].

جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین لەگەڵ دروستبوون و فراوانبوونی داعش لە عێراقدا، (عەلی سیستانی) مەرجەعی باڵای شیعەکان داوایکرد ئەوەی توانای چەك هەڵگرتنی هەیە بێتە ریزی سوپاوە دژی داعش، زۆربەی گرووپ و میلیشیا شیعەکان ئەم هەلەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی شەرعیەتی ئاینی و پاشان سیاسی و یاسای وەربگرن بۆیە خۆیان لە ژێر چەتری حەشدی شەعبیدا رێکخست.[٤٠]یاسای ژمارە (٤٠) ی ساڵی (٢٠١٦) یاسای دەستەی حەشدی شەعبییان بۆ دەرچوو، بە پێی بەند و ماددەکانی ئەم یاسایە، حەشدی شەعبی بە شێوەیەکی فەرمی بەشێکە لە هێزە چەکدارەکانی عێراق و پەیوەستە بە سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکان[٤١]. ئەمەش هەنگاوێکی مەترسیدار بوو بۆ بەیاسایکردنی چەندین هێز و گرووپ کە پێشتر بەتیرۆریست ئەژمار کراون یان بە ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی تاوانبارن.

گرووپە تیرۆریستییەکان چی سوننیەکان یان شیعییەکان، ژینگەی ناوخۆی عێراق و هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە لە بەهێزبوون یان لاوازبونیان، هەروەها ئەم گروپانە بەرپرسیارن لە قوڵکردنەوەی ململانێی مەزهەبی لە ناو پێکاهاتەکانی عێراقدا کە دەرئەنجامەکەی لێکەوتەی نەرێنی کردۆتە سەر سەقامگیری عێراق.

---

[٣٧] صالح الدهني، ما هي المليشيات الشيعية المقاتلة بالعراق؟ (ملف+ إنفوغراف)، نشر: الخميس، ٠٣ نوفمبر2016 ، من موقع الاليكتروني: shorturl.at/luzPQ، زيارة ٢٠٢٢/٢/٢٠.

[38] Michael Knights, Crispin Smith, Hamdi Malik, Profile: Kataib Hezbollah, Policy Analysis , The Washington Institute, Publish On: Apr 1, 2021 , Available At: https://www.washingtoninstitute.org /policy-analysis/profile-kataib-hezbollah(Accessed . 21 /2/ 2022)

[٣٩] سكاي نيوز عربية، أذرع إيران الإرهابية.. تعرف على ميليشيات نشر الفوضى، أبوظبي - سكاي نيوز عربية، نشر: 11 سبتمبر ٢٠١٨، من موقع الاليكتروني: shorturl.at/swBDO ، زيارة ٢٠٢٢/٢/٢٢.

[٤٠] بێستون حسێن عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.

[٤١] زیرەك ئەحمەد رەحمان،حەشدی شەعبی پێکهاتە و تێروانینی ناوچەکەبۆ ئەو هێزە، گۆڤاری جۆرناڵ،ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لەململانێی و قەیرانەکان دەریدەکات،،ژمارە(٤٠)، ٢٠١٩، ل٧٨.

## باسی دووەم: سیناریۆکانی ئایندەی تیرۆر لە عێراق

باسی دووەممان بە ناونیشانی سیناریۆکانی ئایندەی تیرۆر لە عێراق، کە دابەشمان کردووە بۆ سێ تەوەرە لە سەر بنەمای ئەو سێ سیناریۆیەی دەربارەی ئایندەی تیرۆر خستوومانەتە ڕوو شیکردنەوەمان، لە تەوەرەی یەکەم سیناریۆی یەکەم بە ناونیشانی تیرۆر کۆتای دێت لە عێراقدا، تەوەرەی دووەمیشمان بە ناونیشانی سیناریۆی دووەم مانەوەی تیرۆر وەک خۆی لە ئێستادا، تەوەرەی سێیەم سیناریۆی سێیەم بەناونیشانی تیرۆر لە عێراقدا بە بەهێزی دەگەڕێتەوە.

### تەوەرەی یەکەم: سیناریۆی یەکەم : تیرۆر لە عێراقدا کۆتایی دێت:

گرووپە تیرۆریستییە سونییەکان بەبەردەوامی سەرکردەکانیان کراوە بە ئامانج و کوژراون بۆیە زۆر جار بەهێزبوون یان لاوازبوونی ئەم گرووپانە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کوژرانی سەرکردەکانیانەوە هەبووە، کوژرانی زەرقاوی پاشان ئەبو عومەر بەغدادی و ئەبو حەمزە موجاهیر، هەروەها کوژارانی ئوسامە بن لادن لە شەوی ( ٢/١ -٥-٢٠١١) لە باکووری پاکستان و کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی لە ( ٢٧ /١٠ ٢٠١٩ ) لە ئەنجامی هێرشێکی سەربازیدا بۆ سەر ماڵەکەی لە گوندی (بابشا) لە پارێزگای ئیدلب لەلایەن هێزێکی تایبەتی ئەمریکییەوە کاریگەری گەورەی لەسەر ئەلقاعیدە و داعش بە جێهێشت؛[٤٢].هەرچەندە لە دوای کوژرانی بەغدادی، ئیبراهیم ئەلهاشمی ئەلقورەیشی جێگەی گرتەوە، بەڵام نەیتوانی پێگەیەکی وەك بەغدادی بۆ خۆی دروست بکات [٤٣]جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەین لە نێوان ساڵانی (٢٠١٧-٢٠١٩)دا هێزە عێراقییەکان بە هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی زنجیرەیەک هێرشی یەک بە دوا یەکیان کردە سەر داعش لە چوارچێوەی چەند پرۆسەیەکی سەربازیدا توانیان نزیکەی (٤٣) سەرکردە لە ڕیزی یەکەمی داعش و (٧٩) سەرکردە لە ئاستی دووەم و سەدان سەکردەی مەیدانی بکوژن...هاوکات (١٣٠)سەرکردەی مەیدانی لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە دەستگیر کراون، کوژرانی سەرکردەکانی گرووپە تیرۆریستیەکان و ئەو ڕێوشوێنانەی کە بەرامبەریان گیراوەتە بەر ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەلاوازکردنی ئەم گرووپە تیرۆریستییانە کە دەکرێت ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ بەرەو کۆتایی پێهاتنیان.

ئەمریکا لە پاڵ ئەوەی بە بەردەوامی سەرکردەی گرووپە تیرۆریستییە سوننەکانی بە ئامانج گرتووە؛ چەندین جاریش گرووپ و میلیشیا شیعەکانی کردووەتە ئامانج؛ ئەم ئامانج گرتنانە کاریگەری هەبووە لە سەر جموجۆڵەکانی ئەو گرووپانە بۆ نموونە پاش کوژرانی(ئەبو مەهدی موهەندیس)کاریگەری هەبووە لە سەر چالاکییەکانی حزبوڵڵای عێراقی، لە ڕووی ڕامیارییەوە چالاکییەکانیان کەمدەکات هەرچەندە چالاکی سەربازیشیان هەیە بەڵام ئەم گرووپە جارێکی تر ڕوو

---

[42] Graig R. Klein, Ibid.

[٤٣] ناوەندی جەزیرە بۆ توێژینەوە، ئایندەی ڕێکخراوی داعش دوای بەغدادی ، و:حسێن ئەحمەد حسێن، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ٢٠١٩، ل٤٤.

دەکەن کاری نهێنی لە ترسی ئەوەی کە سەرکردەکانیان نەکرێتە ئامانج[٤٤].نەمانی ئەبو مەهدی موهەندیس سەرپەرشتیاری کەتائیبی حزبوڵڵا، کە کەسایەتییەکی سەربازی و سیاسی بوو، لە زیادبوونی شکستەکانی ئێستای حزبوڵلا دا ڕەنگی داوەتەوە لە عێراقدا[٤٥].لە ئەنجامی بە ئامانج گرتنی سەرکردە دیارەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان لە پاڵ لاوازبوونی گرووپە تیرۆریستییەکان ئەمە شانسی ئەوە دەدات بە هێزە ئەمنییەکان کە باشتر بتوانن کارەکانیان جێبەجێبکەن.

بە ئامانج گرتنی بەردەوامی گرووپە تیرۆریستییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی کە گرووپە تیرۆریستییەکان لە عێراقدا نەیان توانیەوە بەرگری بکەن لە و شوێنانەی کە داگیریان کردووە بۆ نموونە لەپاڵ ئەوەی ڕێکخراوی داعش لە ساڵی (٢٠١٤-٢٠١٥ )توانی کۆنترۆڵی( ٣٤ ) هەزار میل چوار گۆشە بکات لە عێراق و سوریادا بەڵام دوای دروستکردنی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و دەستپێکردنی ئۆپراسیۆنەکان لە عێراق و سوریا ئەم ڕێکخراوە بەرەو کەوتن ڕۆشت [٤٦] یەکێك لەو کێشە گەورانەی ئەم ڕێکخراوە ڕووبەڕووی بووەوە ئەوە بوو ئیدارەی ئەمریکا بەڵێنی ئەوەی بە جیهاندا بەردەوامبن لە بە ئامانجگرتنی ئەم ڕێکخراوە تا ئەو کاتەی بە تەواوی لە ناوی دەبەن هەروەها کوژرانی گوتەبێژی فەرمی داعش (ئەبو حەسەنی موجاهیر) دوای چەند کاتژمێرێك لە کوژرانی بەغدادی لەلایەن ئەمریکاوە کرایە بەڵگەیەك کە ئیدارەی ئەمریکا ئەو بەڵێنەی داویەتی بەوەی کار بکات بۆ کۆتایهێنان ئەم ڕێکخراوە بەردەوامی دەبێت. دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین یەکێك لە کێشە بنەڕەتیەکانی داعش ڕووبەڕووی بووەتەوە بریتییە لەوەی لەژێر چاودێرییەکی ووردی هێزە ئاسایشی و هەواڵگرییەکاندان چی لە سەر ئاستی ناوخۆیی یان هەرێمی و نێودەوڵەتی، بەتایبەت دوای دروستکردنی هاوپەیمانی دژی داعش هەر جموجۆڵێکی ئەم ڕێکخراوە بیکات دەکرێتە ئامانج، ئەمەش وایکردوە کارێکی قورس بێت وەك ساڵی (٢٠١٤) ئەندامان و شانە نهێنییەکانی ئەم ڕێکخراوە پەیوەندی دروست بکەن لەگەڵ یەکتریدا[٤٧]. بە ئامانجگرتنی بەردەوامی گرووپە تیرۆریستییەکان لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە ڕۆڵی دیاری هەبووە لە لاوازبوون و کەمبوونەوەی جموجوڵەکانیان لە گۆڕەپانی عێراقدا بە بەراورد بە ساڵی (٢٠١٤) کە تیرۆر لەم ساڵەدا لە عێراقدا دەگاتە لوتکە ئەگەرێکی کراوەیە ئەم لاواز بوونە سەربکێشێت بەرەو کۆتایهاتنی تیرۆر و سنوردارکردنی.

---

[٤٤] مایکڵ نایتس، گەڕانەوە بۆ پشتی پەردە؛ ئایندەی کەتائیبی حزبوڵلا و بریکارەکانی دیکەی ئێران لە عێراقدا، و: حسێن ئەحمەد حسێن، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٤.

[٤٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

[46] The Geneva Academy Of International Humanitarian Law And Human Rights,THE SYRIAN ARMED CONFLICT: NEARING THE END ?, THE WAR REPORT 2018, The Geneva Academy, P.4

[47] Kathy Gilsinan And Mike Giglio, What Isis Will BecomeThe Group Has Lost Its Territory And Its Leader. But It Has Survived Before—And Can Do It Again, November 22, 2019,Date Of Visit October 2,Avilabile At: Https://Www.Theatlantic.Com/Politics/Archive/2019/11/Evolution-Of-Isis/602293/, (Accessed . 23 April 2022)

لەراستیدا ئەم سیناریۆیەی لە سەرەوە خستمانە ڕوو سیناریۆیەکی لاوازە لەبەر ئەوەی هەریەك لەو خاڵانەی ئەم سیناریۆیەی لەسەر بونیاد نراوە لەواقعدا تا ئێستا بەو شێوەیە کاریگەر نییە. سەبارەت بە خاڵی یەکەم کە تایبەتە بە کوژرانی سەرکردەکانی گرووپە تیرریستییەکان لای هەمووان ڕوونە کە ئەم گرووپانە لە پاش کوژرانی سەرکردەکانیان هەر بەردەوام دەبن و سەرکردەی نوێ شوێنیان دەگرێتەوە، "بۆ نموونە لە نیسانی ٢٠١٠ لە هێرشێکی ئەمریکییەکاندا کاتێک ئەبو عومەر بەغدادی و ئەبو حەمزە موهاجیر کوژران ئەبو بەکر بەغدادی دیاریکرا بۆ شوێنگرەوەی ئەبو عومەر[٤٨] هەروەها تەنها (٤) ڕۆژ لە پاش کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی بە دەستی دژە تیرۆری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ئیبراهیم ئەلهاشمیی ئەلقورەیشی) جێگەی گرتەوە لە (٢٠١٩/١٠/٣١) دا؛ بە خێرای دیاریکردنی (ئەلقورەیشی) وەک سەرکردەی داعش ئەو پەیامەی گەیاند کە ستراتیجیەتی کوشتنی سەرکردەی گرووپە تیرۆریستییەکان بەمەبەستی کۆتایهێنان پێیان زۆر کاریگەر نییە ئەم گروپانە توانای مانەوەیان هەیە[٤٩] هەروەها لە پاش ڕاگەیاندنی کوژرانی (ئەبو ئیبراهیم ئەلقورەیشی) لە مانگی ٢ ی ٢٠٢٢دا، ئەبو ئەلحەسەن هاشمی ئەلقورەیشی شوێنەکەی دەگرێتەوە، بە پێی تۆمارێکی دەنگی کە ئەبو عومەر ئەلمهاجیر گووتەبێژی داعش ڕایدەگەیەنێت[٥٠]هەرچەندە حزبوڵلا لەڕووی سیاسییەوە لاواز بووە لە پاش کوشتنی سەرکردەی دیارییان(ئەبو مەهدی مهاندیس) بەڵام ئەم گرووپە نەوەستاوە لە هەڕەشەکردن و دروستکردنی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی عێراق باشترین نموونەش" ئەبو عەلی عەسکەری یەکێک لە بەرپرسەکانی ئەو گرووپە لە ٢ئازاری٢٠٢٠، هۆشداری دایە سیاسەتمەدارەکانی عێراق دەربارەی هەڵبژاردنی مستەفا کازمی بە سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق[٥١]. کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کوژرانی سەرکردەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان لە پاڵ ئەوەی کە کاریگەری لە سەر گەورە بوون یان بچووکبوونەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان هەیە بەڵام ئەمە بە واتای کۆتای هاتنی ئەم گرووپانە نایەت لە ئەزموونی گرووپە تیرۆریستەکانەوە ئەوەمان بۆ ڕوونبووەتەوە بە کوژرانی سەرکردەکانیان بەزوویی توانای خۆرێکخستنەوەیان هەیە و کەسێکی تر بۆ شوێنگرەوەی دەستنیشان دەکەن و چالاکییەکانیان ناوەستێت.

سەبارەت بە ئامانج گرتنی گرووپە تیرۆریستییەکانیش لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە ڕاستە ئەمە

[٤٨] کەرەم حەفیان، ڕێکخراوی قاعیدە، لە ڕووداوی یانزەی سێپتەمبەر تا بەهاری عەرەبی توێژینەوەیەک لە ئەدای فکریی و سیاسیی قاعیدە لە عێراقدا، و: ئیدریس سیوەیلی، گۆڤاری ژۆرناڵ، ژمارە(٢٩)، ٢٠١٨، ل١٥٦.

[49] Graig R. Klein, The Leader of ISIS is Dead, but are Targeted Killings Effective?, publish on: 10 Feb 2022, Available at: https://icct.nl/publication/leader-isis-dead-targeted-killings/ (Accessed . 24 April 2022)

[٥٠] علي نجات، تداعيات مقتل القادة على مستقبل التنظمات الإرهابية(داعش )أنموذجاً، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٢، ص١٢.

[٥١] مایکڵ نایتس، گەڕانەوە بۆ پشتی پەردە؛ ئایندەی کەتائیبی حزبوڵلا و بریکارەکانی دیکەی ئێران لە عێراقدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

وایکردووە قورس بێت بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان خۆیان کۆبکەنەوە، بەڵام گرووپە تیرۆریستییەکان توانای خۆگونجاندنیان هەیە لەگەڵ بارودۆخە نوێکاندا بۆ نموونە داعش توانیویەتی خۆی بگونجێنێت و بەردەوامی بە مانەوەی خۆی بدات ئەگەر تەماشایەکی ستراتیجی شەڕی داعش بکەین لەم قۆناغەدا جەنگــی پارتیزانــی پیادە دەکات [٥٢] هەرچی سەبارەت بە حزب ڵلا یە لە عێراق دوای کوژرانی (ئەبو مەهدی مهەندیس) چالاکییەکانی بەردەوامن و بۆ نموونە کاتێک حزبوڵلا لە ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠٢٠ هێزی خۆی ڕاستەوخۆ لەبەردەم بارەگای سەرۆک وەزیرانی عێراقدا نمایشکرد بەمەبەستی ئازادکردنی تا دەستگیرکراوەکانیان لە لایەن حکوموتی عێراقەوە ئەو پەیامەی گەیاند کە ئەوان توانای دانانی کاریگەرییان هەیە[٥٣].

لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی لە پاڵ خستنەڕووی ئەو بنەمایانەی کە دەبێتە هۆی کۆتاییهاتنی تیرۆر لە عێراقدا بەڵام بە دیهاتنی ئەم سیناریۆیە کارێکی مەحاڵ و ئەستەمە لەبەر ئەوەی تیرۆر ناکرێت بە کوشتنی سەرکردەکانی کۆتاییبێت بەو پێیەی گرووپە تیرۆریستییەکان توانای ئەوەیان هەیە بە خێرایی شوێنگرەوە بۆ سەرکردە کوژراوەکانیان دیاری بکەن هەروەها بە ئامانج گرتنی تیرۆر لە سەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیش کاریگەری دەبێت لە سەر لاوازکردن یان سنوردارکردنی کردە تیرۆریستییەکان بەڵام هەرگیز ناتوانێت تیرۆر بنبڕ بکات بەو پێیەی گرووپە تیرۆریستییەکان توانای خۆگونجاندنیان هەیە بەپێی بارودۆخەکان شێوازی شەڕکردن و ئەنجامدانی کردە تیرۆریستییەکانیشیان دەگۆڕن.

**تەوەرەی دووەم: سیناریۆی دووەم: مانەوەی تیرۆر وەک خۆی لە ئێستادا**

لەدوای تێکشکاندنی ڕێکخراوی داعش لەعێراق و لە سووریا لە (٢٠١٧)دا بە هاوکاری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوەکە تووشی گەورەترین شکست هات هەرچەندە لە دوای ئەم شکستانەش پێشبینییەکان بەرەو ئەوە دەچوون داعش کۆتایی هاتووە، بەڵام وەك هەمیشە ڕێکخراوە توندڕەوەکان سوود لە قەیرانەکان و ئەو بۆشاییە ئاسایشیانە دەبینن کە دروست دەبێت بۆ ئەوەی خۆیانی تێدا ڕێکبخەن و شوێنپێیان قایم بکەن، دروستبوونی خۆپیشاندانەکانی عێراق دژی کابینەکانی (عادل عەبدولمەهدی) و بڵاو بوونەوەی پەتای کۆرۆنا هۆکاری یارمەتیدەر بوون بۆ دووبارە دەرکەوتنەوە و زیادبوونی جموجۆڵەکانی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان لەسەر ئاستی عێراق.[٥٤] هەروەها تاوەکوو ئێستا ژینگەی عێراق یارمەتیدەرە بۆ مانەوەی تیرۆر بەو پێیەی هاوڵاتیانی عێراق بێزارن و هەست بە نائومێدی دەکەن بەرامبەر دامەزروەکانی عێراق... جگەلەوەی

[٥٢] فەرهاد حەسەن عەبدوڵا، تاکتیکی جەنگی گرووپە تیرۆریستییەکان :ستراتیجی ڕووبەڕووبونەوەیان، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل١٠.

[٥٣] مایکڵ نایتس، گەڕانەوە بۆ پشتی پەردە؛ ئایندەی کەتائیبی حزبولڵا و بریکارەکانی دیکەی ئێران لە عێراقدا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

[٥٤] بەختیار کاکی،سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوی دەولەتی ئیسلامی لە عێراق، ناوەدی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان،تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠، سلێمانی، ل٤.

كە بێمتمانەیی بە دامەزراوەکانی فەرمانڕەوا هەیە کە ناتوانێت بەرەنگاری گەندەڵی و بێکاری بێتەوە ئەمەش وادەکات تیرۆر بەردەوامی هەبێت[٥٥].

جگە لە مانەوەی داعش وەک یەکێک لە مەترسیدارترین گرووپە تیرۆریستییەکان شایەنی ئاماژە پێکردنە کە چەندین گرووپی تریش لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا هەن ئەمەش وادەکات کە کێشەی تیرۆر کۆتایی نەیەت " بە پێی ئەو ئامار و ڕووپێوانەی لە ساڵی (٢٠٢٠) کراون، ژمارەی گرووپە جۆرا و جۆرەکانی حەشدی شەعبی لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٨) بەم جۆرە بووە: ٦٧ گروپی شیعە، ٤٣ سوننە، ٩ لە کەمایەتییەکان (ئێزیدی و مەسیحی) لە ناو گرووپە شیعەکاندا شوێنکەوتووانی "عەلی خامنەیی" ڕابەری شۆڕشی ئێران دەگەنە (٤٤) گرووپ، شوێنکەوتووانی عەلی سیستانی (١٧) کۆمەڵ و گرووپ لە دەرەوەی ئەم دووانەش (٦) گرووپی تر شوێنکەوتەی مەرجەعی تری ناوخۆیی و دەرەوەی عێراقە[٥٦] لەپاڵ ئەوەی کە گرووپە شیعەکان بەشێکن لە سیستەمی بەرگری عێراق بەڵام وەک پێشووتر ئاماژەمان پێدان ئەم گرووپانە چەندین کردەی تیرۆریستییان ئەنجامداوە کە دەکرێت ببنە مەترسی بۆسەر سەقامگیری رامیاری لە عێراقدا.

ئەوەی لە ئێستادا وەک لێکەوتەیەکی گرنگی ئەم سیناریۆیە بۆ ئایندە جێگەی مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئاسایشی عێراق ئەو گۆڕانکارییەیە کە لە شێوازی شەڕکردنی داعشدا روویداوە ئەگەر بە وردی تەماشایەکی ستراتیجیەتی داعش بکەین لە ساڵی (٢٠٢٠)دا، لەسەر بنەمای ( لێدە و هەڵبێ، هێرشی کتوپڕی سنوردار، دانانی بۆسە، چاندنی مین، بەدیلگرتن) ستراتیجیەتی خۆی بەڕێوە دەبات، ئەمەش وایکردووە عێراق لەڕیزی ئەو وڵاتانەدا بێت کە ئەم ڕێکخراوە زۆرترین کردەی تیرۆریستی لە ساڵی (٢٠٢٠ ) تێدا ئەنجامداوە، تەنیا لە (٦) مانگی یەکەمی ٢٠٢٠ ئەم ڕێکخراوە(١٤٧٧) چالاکی لەناو عێراقدا ئەنجامداوە[٥٧] بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە دوای تێکشکاندنی، عێراقی کردووە بە ویلایەتێك و هەر ویلایەتەشی دابەشکردووە بەسەر (١١) کەرتدا و هەریەك لەم کەرتانەش وەك پایتەخت مامەڵە لەگەڵ ویلایەتەکەدا دەکەن لە رووی سەربازی و دارایی و ئەنجامدانی چالاکییەوە، لە نێوان ئەم کەرتانەشدا ناوچەی هەماهەنگی و هاوبەش بوونی هەیە، بەتایبەت لە سێکوچکەی (کەرکوك، سەڵاحەدین، دیالە)[٥٨]. دەوڵەتی ئیسلامی وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی عێراق بۆ ماوەی چەندین ساڵ دەمێنێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەم ڕێکخراوە توانای

---

[٥٥] المعهد الديمقراطي الوطني، العراق ما بعد داعش تحسّن التماسك الاجتماعي، لكن مع استمرار استياء العراقيين تجاه الحكومة نتائج الاستطلاع الوطني، ٢٠١٩، **ص٧**.

[٥٦] یاسین تەها، قەبارەی گرووپە وەلائییەکانی ئێران لە هاوکێشە ئەمنییەکانی عێراقدا، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوومانگ جارێک دەریدەکات، ژ.(٣) ، ٢٠٢٠، ل. ل٣٣-٣٤.

[٥٧] د.وەلید راوی، هەڵسەنگاندنی چالاکیەکانی داعش لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا،و:ئیدریس سیوەیلی،ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان،٢٠٢٠، بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٤/٢٧،بەردەستە لەسەر بەستەری http://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=5582&fbclid=IwAR2_ncF9sDoX4-SQEVt6rQmJjDDdnIzmILMVU2DF8PtyJLu72tsTjJsPn4w

[٥٨] بەختیار کاکی،سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوی دەولەتی ئیسلامی لە عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ بارودۆخەکاندا، بۆ نموونە لەدوای لەدەستدانی زۆرێك لەسەرکردەکانی و لەدەستدانی ئەو ناوچانەی کە کۆنترۆڵی کردبوون، ئەم ڕێکخراوە چالاکییەکانی هەر ماون[٥٩] هەرچی سەبارەت بە (قاعیدەیە) وادیارە ئەم ڕێکخراوە پەنا بۆ (لامەرکەزی) دەبات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ لقەکانی بە شێوەیەک ڕێگە بە چەندین گرووپی قاعیدە بدات لە ناوخۆی یەک وولاتدا سەر هەڵبدەن و چالاکی ئەنجام بدەن بەڵام بە مەرجێک لەگەڵ یەکتری نەجەنگن و سنوری خۆیان نەبەزێنن و نەچنە سنوری گرووپێکی ترەوە[٦٠].

لەپاڵ ئەوەی داعش دەستی بە جموجۆڵ کردووە یەکێك لەو هۆکارە بنەڕەتیانەی وایکردوە ئەم ڕێکخراوە بە لاوازی بمێنێتەوە و نەتوانێت وەك ساڵی (٢٠١٤) دەست بگرێت بەسەر شار و شارۆچکەکاندا بۆ هێرشە ئاسمانییەکان دەگەرێتەوە بۆ سەر ئەم ڕێکخراوە، چونکە داعش بەبەردەوامی کراوەتە ئامانجی هێرشە ئاسمانییەکانی ( هاوپەیمانی دژی داعش) بە شێوەیەك لە مانگی یەك تا مانگی هەشتی ٢٠٢٠ (٥٧) جار بە ئامانج گیراوە [٦١].لە پاڵ ئەوەی کە هەندێک هەنگاو نراوە بە ئاراستەی شارە وێرانبووەکانی پاش (داعش) بەڵام هەتاوەکوو ئێستا هەستی فەرامۆش کراوی لە لای سوننەی عەرەب هەیە لە لایەن حکومەتی شیعەنشینی بەغداوە ئەم هەستە بەهۆی بوونی ئەو میلیشیا شیعانەوەیە کە لە ناوچە سوننەنشینەکان هەن، هەروەها هەڵبژاردنی (٢٠٢١) ئەوەی پێوتین کە سوننەکان مەیلی چارەسەرکردنی کێشەکانیان هەیە[٦٢]. بەهۆی فەرامۆشکردنی سوننەکانی عێراق بوونی جموجۆڵی چالاکی میلیشیا شیعییەکان لەپاڵ هەوڵە ناوخۆی و نێودەوڵەتییەکان بەڵام تیرۆر وەک ئێستا دەمێنێتەوە.

هەروەها گرووپە تیرۆریستییە شیعەکانیش لەپاڵ ئەوەی کە هەندێک جار کراونەتە ئامانج بەڵام هەر لەسەر ئاستی ناوخۆیی عێراق چالاکن دەکرێت چەندین ناوی جیاجیا بەکاربیەنن بۆ ئەنجامدانی کردەی تیرۆرستی، بۆ نموونە " پێدەچێت کەتائیبی حزبوللا بەناوی نوێوە بەرپرسیارێتی هێرشە تیرۆریستییەکان لە عێراق بگرێتە ئەستۆ. بۆ ئەم مەبەستە گرووپی وەهمی دروست دەکات و بە ناوی ئەو گرووپانەوە بەرپرسیارێتی هێرشەکان هەڵدەگرێت. بەم شێوەیەش ڕۆڵی کەتائیبی حزبوللا لەو دەستدرێژیانەدا دەشاردرێتەوە و دەشتوانێت وەک بەشێک لە هێزەکانی حەشدی شەعبی بمێنێتەوە و خۆی لە ڕەخنە سیاسییەکان بەدوور بگرێت، لە ئەنجامیشدا دەتوانێت

[59] Truls Hallberg Tønnessen, The Islamic State After The Caliphate, Perspectives On Terrorism, Volume 13, Issue 1, February 2019,P.٩

[٦٠] ساڵح عوسمان، تیرۆری نێودەوڵەتی سەرەتا و پەرەسەندنی، چاپخانەی بینایی، چ٣، سلێمانی، ٢٠٢١، ل.ل٢١٣-٢١٤.

[61] Risk Mitigation Information Management Cente, Immap - Iraq Humanitarian Response Credit: Photographer Rm / Shutterstock.Com Isis Sleeper Cells Activities Amid The Covid-19 Pandemic Jan - Aug 2020, Published Date: 22 September 2020, P.1.

[62] Cole Bunzel, Explainer: The Islamic State in 2021, published(December 10, 2021)Explainer: The Islamic State in 2021, Wilson Center, available at: https://www.wilsoncenter.org/article/explainer-islamic-state-2021. (Accessed . 01 may 2022)

سەقامگیری عێراق زیاتر بشێوێنێت .شایەنی باسە کارکردن لە پشتی ناوە نوێیەکانەوە شێوازێکە بۆ نانەوەی پشێوی"[٦٣].

ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر ستراتیجیەتی شەرکردنی گرووپە تیرۆریستییە سوننە و شیعییەکان هاتووە لە عێراقدا، بەمەبەستی ئیدامەدان بە مانەوەیان و خۆگونجاندن لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکان یارمەتیدەرە کە تیرۆر وەک ئێستا بمێنێتەوە لە گۆرەپانی عێراقدا بەو پێیەی لە پاڵ هەوڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان کە هەن بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆر بەڵام بارودۆخی ژینگەی ڕامیاری عێراق کە خۆی لە پشتگوێ خستنی سوونە زۆری ژمارەی گرووپە چەکدارە شیعەکان دەبینێتەوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ مانەوەی تیرۆر لەم وڵاتەدا، لایەنی کەم تا ئایندەیەکی نزیک و مامناوەند.

**تەوەرەی سێیەم:سیناریۆی سێیەم تیرۆر لە عێراقدا بە بەهێزی دەگەڕێتەوە**

یەکێک لە کێشە بنەڕەتییەکان لە عێراقدا بریتییە لە جۆرێک سزای هەڕەمەکی سوونەکان کە زۆر جار سزای قورس سەپێنراوە بە سەر هەندێک خەڵکی بێتاوان کە پەیوەندیشایان بە داعشەوە نەبووە ئەمە وا دەکات لە ئایندەدا ئەو کەسانە و کەسوکاریان بەشداربن لە هەر سەرهەڵدانێکی تیرۆریستی بە شێوەیەکی کارا کە دژ بە حکومەتی عێراق بێت[٦٤]. جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەین زۆر جار منداڵی خوار (١٤) ساڵ کە گومانیان لێکراوە پەیوەندییان بە داعشەوە هەبێت لەگەڵ ئەندامانی داعش زیندانیکراون، ئەگەر ئەم منداڵانە تیرۆریستیش نەبن یان پەیوەندییان بە گرووپە تیرۆریستییەکانیشەوە نەبێت لە ئایندەدا مەترسی گەورە هەیە کە ببنە نەوەی ئایندەی داعش یان هەر گرووپێکی تیرۆریستی تر، چونکە زۆر جار تیرۆریستەکان زیندانیان وەک قوتابخانەیەک لێکردووە کە تاوانبارەکان لە تیرۆریستەکانەوە فێربوون، ئەمەش سەرەتایەک بووە بۆ بەرهەمهێنان و دروستکردنی تیرۆریستی نوێ بۆ نموونە ئەبوبەکر بەغدادی پێشتر لە زیندانی بۆکا بووە لە (٢٠٠٠) کاندا[٦٥].هۆکارێکی تری کۆتایی نەهاتنی تیرۆر و سەرهەڵدانەوەی داعش لە ئایندەدا جا بەهەمان ناوەوە بێت یان لە ژێر ناوێکی تردا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خێزانانەی هەست و سۆزیان بۆ داعش هەیە بەپێی هەندێك خەملاندن نزیکەی(١٠٠،٠٠٠)کەسی عێراقی هەریەکەی لە خێزانێکەوە هاتوون پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە زۆرێك لەم ئەندامانە زیندانی کراون یان لەلایەن خێزان و خزمە نزیکەکانیانەوە حەشار دراون لەدوای کەوتنی داعش، ئەمەش وایکردوە زەمینەسازییەك هەبێت لە هەر قۆناغ و بارودۆخێکدابێت داعش لە فۆرمێکی تردا بگەڕێتەوە یان چەندین ڕێکخراو و گرووپی توندرە و دروست بن.[٦٦] لەپاڵ بەردەوامی زوڵم و ستەم لە سوننەکانی عێراق، ئەوانەی کە زیندانی

[٦٣] مایکڵ نایتس، گەڕانەوە بۆ پشتی پەردە؛ ئایندەی کەتائیبی حزبوڵڵا و بریکارەکانی دیکەی ئێران لە عێراقدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

[64] Mara Redlich Revkin, The Limits of Punishment *Transitional Justice and Violent Extremism* iraq case study, institute for integrated transitions,2018, P.27.

[65] Ibid, P.28.

[66] Truls Hallberg Tønnessen, The Islamic State after the Caliphate, PERSPECTIVES ON

دەكرێن زیندان شوێنێك نییە بۆ چاكسازی تیایاندا و گەڕانەوەیان بۆ ناو ژیانی ئاسای بەڵكو زیندان جۆرێكە لە سزادانی سیاسی بۆیان.

هەروەک لە سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش: بینیمان کە داعش زادەی کۆمەڵێک سیاسەتی چەوتی حوکمڕانییە لە عێراق هاوشێوەی گەندەڵی و بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری و نالەباری دۆخی ژیانی خەڵکی ئەو ناوچانەی کە داعشی لێوە دروست بوو. ئەوەی جێگەی هەڵوێستەکردنە زۆربەی ئەو دیاردانە هێشتا بوونیان هەیە کە یارمەتیدەربوونە لە سەرهەڵدانی توندڕەوی و فکری جیهادی. بەڵکو زۆرێک لەو دیاردانە تادێت زیاتر و فراوانتر و گەورەتر دەبن، بەتایبەت گەندەڵی و بێکاری و خراپبوونی بژێوی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان کەواتە بۆ بنبڕکردنی تیرۆر حکومەت سەرەتا پێویستە کاربکات بۆ کۆتایهێنان بەو دیاردانە[٦٧] لەپاڵ ئەوەی کە حکومەت وەڵامی خواست و داواکارییەکانی خەڵک ناداتەوە و بەردەوامبوونی قەیرانکان لە عێراقدا و بوونی حکومەتێکی لاواز ڕیگە خۆشکەرە بۆ دووبارە بە هێزبوونەوەی تیرۆر، دەرکردنی داعش لە عێراقدا بە واتای کۆتایهاتنی داعش و تیرۆر نایەت بەڵکوو خانەکانی ئەم ڕێکخراوە لە ناو کۆمەڵگەی عێراقدا بوونیان هەیە و هەمیشە هەڕەشەدەبن[٦٨] یەکێکی تر لەو مەترسییە گەورانەی کە ڕووبەڕووی ئایندەی عێراق دەبێتەوە بریتییە لەوەی کە داعش نەوەیەکی پەروەردە کردووە کە دەکرێت وەک بۆمبێکی بێدەنگ چاوەڕێی بارودۆخی لەباربن بۆ ئەوەی کە بتەقێتەوە، ئەو کاتانەی کە داعش چەندین ناوچەی داگیرکرد لە عێراقدا هەوڵی دا لە ڕێگەی سیستمی پەروەردەوە کار لەسەر نەوەی داهاتوو بکات، لەڕێگەی گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە هەوڵیدا فێرخوازان بە بیری توندڕەوی تەڵقین بکات، ئەو پەرتووکانەی کە داعش لە سەردەمی خەلافەتەکەیدا بۆ قوتابخانەکانی دانا و قوتابییەکانی بە بیری توندڕەوی گۆشکرد چاوەڕوانی دروستبوونی نەوەیەکی توندڕەوی لێدەکرێت[٦٩] لەهەر کات و ساتێکدا ژینگەی ڕامیاری ناوخۆی لەبار بێت ئەوە دەکرێت ئەم نەوەیە ڕۆڵبگێڕن و مەترسی گەورە لە سەر ئاسایشی عێراق دروستبکەن.

هاوڵاتیانی ناوچە سوننە نشینەکانی عێراق بە شێوەیەکی گشتی متمانە بە هێز و میلیشیا شیعەکان ناکەن کە لە ناوچەکانیان هەیە، لە دوای تێکشکاندنی داعش ئەم هێزانە بە مەترسی دەبینن لە سەریان، زۆرێک لە نوسەران و توێژەران پێیان وایە کە چۆن سیاسەتی تائیفەگەرایی ڕۆڵی

---

TERRORISM, Volume 13, Issue 1, February 2019,p.8.

(٦٧) فەرهاد حەسەن عەبدوڵا، تاکتیکی جەنگی گرووپە تیرۆریستییەکان :ستراتیجی ڕووبەڕووبونەوەیان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

(٦٨) أسماء خالد جرجيس، واقع الارهاب في العراق والتحديات المستقبلية بعد هزيمة داعش بمنظور جغرافي، قضايا سياسية، جامعة نهرين، عدد(٥٧)، ٢٠١٩، ص٢٠٥.

(٦٩) سەنگەر یوسف و عەبدولسەمیع ڕەحمان، ژینگەی بەرهەمهێنان و بەردەوامی بیری توندڕەوی لە ناوچە جێناکۆکەکان، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوومانگ جارێک دەریدەکات، ژ.(٣) ، ٢٠٢٠، ل٥٣.

سەرەکی بینیوە لە دروستبوون و فراوانبوونی داعش لە ناوچە سوننە نشینەکان بە هۆی کردەوەی گروپ و میلیشیا شیعەکانەوە کە چەندین کردەوەی تاوانکارییان ئەنجامداوە ببێتە هۆکارێک بۆ دووبارە زیندوو کردنەوەی شەڕی تائفی و ڕێگە خۆشکردن بۆ دروستبوونی گروپی توندڕەتر و بەهێزتر لە داعش لە ناوچە سووننە نشینەکان[٧٠] هەروەها دەکرێت لە عێراقدا بەهۆی بە قوڵبوونەوەی هاوکێشەی ناکۆکیە ناوخۆییەکانی ناو پێکهاتەکان شیعە سوننە و کورد دابەشبوونیان بەسەر جەمسەری جۆراو جۆردا ئاسۆی چارەسەر کردنی سەرجەم کێشەکان ئاڵۆزتردەکات[٧١] ئەمەش یارمەتیدەر بێت بۆ گەرانەوەی تیرۆر لە ژێر ناوی داعش یان هەر بەرگێکی تردا بێت کە سەرئەنجامەکەشی باڵدەکێشێت بۆ دروستبونی نائارامی و تێکچونی سەقامگیری رامیاری.

لە ڕووی سەربازییەوە هەرچەندە داعش تێکشکاوە بەڵام ئەمە واتای کۆتای نایەت لەبەر ئەوەی وادیارە داعش توانای خۆگونجاندنی هەیە بۆیە شێوازی شەڕی گۆڕیوە بۆ (شەڕی گەریلا) لەم قۆناغەدا... هەروەها ئایندەی تیرۆر و داعش لە عێراق لە زۆر ڕووەوە وابەستەیە بە پەراوێزخستن یان بەشدارییپێکردنی سوننەکان لە پرۆسەی سیاسی عێراق ئەمە لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق، هەرچی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمیشە پەیوەندی بەو ململانێیانەوە هەیە کە لە گۆڕەپانی هەم عێراق هەم سووریا لە نێوان ئێران و ئەمریکا، رووسیا و تورکیا، کورد لە گەڵ تورکیا هەیە، ئەمە لە کاتێکدایە کە پێشتر هەمووان سوربوون لە سەر هاوکاریکردنی یەکتری لە تێکشکاندنی داعش، بەڵام ئەم ململانێیەی ئێستایان دەرفەتێک دەدات بە داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان بۆ ئەوەی پەیکەری رێکخراوەکانیان جارێکی تر دابڕێژێنەوە و خۆیان بگونجێنن لە ڕەچاوکردنی ستراتیجی ئایندەیان[٧٢].

هەروەها جگە لە داعش تۆڕەکانی ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق ووجودیان هەیە هەرچەندە وەک داعش دەستیان نەکردووە بە یاخیبوون و دەستکردن بە چالاکی فراوان بەڵام بە شێوەیەکی هێمنانە و نهێنی کاردەکەن[٧٣]. جێگەی خۆیەتی ئاماژەش بەوە بدەین کە زۆری چەک و جبەخانەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کە تیرۆر کۆتایی نەیەت کە زۆربەی میلیشیا چەکدارەکانی ناو حەشدی شەعبی دەستیان بەسەردا گرتووە، کە بە پێێ هەندێک خەمڵاندن زیاتر لە (٢٥٠) هەزار تەن مادەی تەقەمەنی و کاتیۆشا و قازیفە و هاوەن و تۆپهاوێژ و مین و عبواتی ناسیفە و حەشوەی تەقینەوە و نزیکەی سی ملیۆن پارچە چەک لە نێوان چەکی سوک و مامناوەند و تەنانەت چەکی قورس، لە وانەش تۆپهاوێژ و موشەکی دژە فرۆکە و مووشەکی مەودا مام ناوەند و کورت مەودا و

---

[٧٠] بێستون حسێن عارف، حەشدی شەعبی لە نێوان میلیشیا بوون و بە فەرمیبووندا، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٤٠)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٩، ل٧٣-٧٤.

[٧١] یاسین تەها، لە کابوولەوە تا بەغدا عێراق و هەرێم لە ئەگەری ئەرکگۆڕینی سوپای ئەمریکا، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوومانگ جارێک دەریدەکات، ژ.(٩) ، ساڵی دووەم، ٢٠٢١، ل٣٥.

[٧٢] د .محمد أبو رمان، مستقبل داعش: عوامل القوة والضعف (الخلافة الافتراضية) وفجوة استراتيجيات مكافحة الإرهاب، مؤسسة فريدريش ايربت، مكتب الأردن والعراق،٢٠٢٠، ص١٤.

[73] Dylan O'Driscoll, The Islamic State in Iraq, K4D Helpdesk, Institute of Development Studies, uk, 2019, p17.

تانک و تەنانەت ئۆتۆمبێلی سەربازی و زرێپۆش لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتن[٧٤]. لە پاڵ ئەوەی داعش چالاکی لە سەر ئاستی عێراق هەیە بەڵام بە نهێنی کارکردنی قاعیدە مەترسیدارترە و هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە لە ئایندەدا بە هێزەوە دەربکەوێت لەسەر گۆڕەپانی ڕامیاری عێراق، هەروەها بوونی چەک و تەقەمەنییەکی زۆر لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ژێر دەستی میلیشیا شیعییەکانیش مەترسی گەورەن کە لە کاتی بوونی ململانێ ڕامیارییەکان هەندێک لەم گرووپانە لە کردەوەی تیرۆریستیدا بەکاری بیەنن.

ئێمە لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە تیرۆر لە عێراقدا دەرکەوتنەوەی بە بەهێزی پەیوەندی بە هاوکێشە ڕامیارییەکان لە سەر ئاستی ناوخۆی عێراق و ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە هەرکات ململانێکان لە سەر ئاستی ناوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتی زیاتر و زۆرتر بوون ئەوە ئەگەری گەرانەوەی تیرۆر زیاتر و زۆرتر دەبێت وە بە پێچەوانەشەوە.

---

[٧٤] فەرهاد حەسەن، بڵاوبوونەوەی چەک: عەشائیراکانی عێراق هێزێک لەسەروی دەوڵەتەوە، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە (٥٠)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠٢٠، ل٤٥.

## دەرئەنجامەکان

گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە بریتین لە:

١-هەرچەندە چەمکی تیرۆر چەندین لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە، بەڵام هەموو گرووپە تیرۆریستییەکان لە ڕێگەی بڵاو کردنەوەی ترس و تۆقاندنەوە جا بە ئەنجامدانی کردەیەکی تیرۆریستی یان هەڕەشە کردن بە ئەنجامدانی هەوڵی کاریگەری دانان دەدەن لەسەر بەرامبەریان.

٢-چەندین هۆکار هەیە بۆ دروست بوونی تیرۆر لە عێراق؛ کە لە داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە دەستپێدەکات بۆ دەستوەردانی وولاتانی دراوسێ و خراپ ئیدارەدانی کاروباری گشتی.

٣- هەرچەندە لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش هەوڵەکانی قەڵاچۆکردنی تیرۆر لە عێراقدا بەردەوامە، بەڵام کۆتایهێنان بە تیرۆر کارێکی ئەستەمە.

٤- تیرۆر توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ بارودۆخەکاندا بۆیە تیرۆر کۆتای نایەت بەڵکو بە شێوەیەکی ڕێژەی دەمێنێتەوە و بەهێزبوون یان لاوازبوونیشی پەیوەستە بە و دۆخە ناوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتییانەی کە دێتە ئاراوە.

٥- لە مەودای ماوە درێژدا گەڕانەوەی تیرۆر بە بەهیزی لە عێراقدا ئەگەرێکی کراوەیە بە پشتبەستن بە ژینگەی ناوخۆیی عێراق و ئەو ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتیانەی کە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا بەڕێوە دەچێت.

ڕاسپاردەکان

١- پیادەکردنی حکومڕانی باش لە عێراقدا کە دەرفەت بۆ هەمووان برەخسێنێت بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لەسەرجەم کایەکان لەسەر بنەمای لێهاتووی و توانا و خزمەتکردن نەک لەسەربنەمای مەزهەب وحیزب حیزبێنە و خزمایەتی.

٢- ڕیفۆرم کردن لە کەرتی ئابوری عێراقدا، بەشێوەیەک کە زۆرترین دەرفەتی کار بۆ گەنجان برەخسێنێت و سەرچاوەکانی ئابوری عێراق هەمەچەشن بکرێت بۆ ئەوەی ئابوری نیشتیمانی عێراق تەنها پشت بە کەرتی نەوت نەبەستێت.

٣- میلیشیا شیعییەکان کە لە چوارچێوەی حەشدی شەعبیدان و بوون بە بەشێک لە سیستەمی بەرگری عێراق بەدامەزراوەی بکرێن .

٤- چەک و تەقەمانی و ئامرازی جەنگی پێویستە تەنها لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بێت و تەواوای ئەو هێز وگروپ و میلیشیایەنەی لە چەک داماڵرێن کە لەدەرەوەی دەوڵەتن.

٥- عێراق کە ناڵە دیپلۆماسییەکانی بەکار بهێنێت لەسەر بنەمای بێلایەنی و رێگە نەدرێت عێراق ببێتە گۆرەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان.

## لیستی سەرچاوەکان:

**یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان**

**أ.فەرهەنگ:**


١. محەمەد حاجی زادە، فەرهەنگی ڕاڤەیی ئیزم ە کان، و:سیروان موسا پوور، کتێبخانەی هەژار موکریانی، چ١، تاران، ٢٠١٨.


**ب.کتێبە کوردییەکان:**


١. ئازاد عەلی، بەراییەکانی دەرکەوتنی داعش وەک هێزێکی سەربازی و ئایدیۆلۆژی، لە کتێبی کوردستان و پۆست داعش، نوسینی ئازاد عەلی، هاورێ باخەوان و ئەوانیتر، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، چ.٣، ٢٠٢٠.

٢. ئەنوەر حسێن بازگر، داعش و میلیشیاکان، دەزگای ئایدیا،چ١، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٦.

٣. د.ئومێد ڕەفیق فتاح، د.عابد خالید رسول، ئەوانی تر، سەرهەڵدانەوەی گروپە تیرۆرستییەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، ٢٠١٩.

٤. ساڵح عوسمان، تیرۆری نێودەوڵەتی سەرەتا و پەرەسەندنی، چاپخانەی بینایی، چ٣، سلێمانی، ٢٠٢١.


**پ. کتێبە بەکوردیکراوەکان:**


١. کارۆلین کێنۆن، سەرهەڵدانی داعش تیرۆریزم لە سەدەی نوێدا، و: تەحسین تەها چۆمانی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.


**ت. توێژینەوە بەزمانی کوردی:**


١. بەختیار کاکی،سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق، ناوەدی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان،تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠، سلێمانی.

٢. جەزا ئەحمەد فارس، ئایدۆلۆژیای تیرۆر داعش بە نمونە، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە(٦)، سلێمانی، ٢٠١٥.

٣. فەرهاد حەسەن عەبدوڵا، تاکتیکی جەنگی گرووپە تیرۆریستییەکان :ستراتیجی ڕووبەڕووبونەوەیان، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ملمالنێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢٢.

٤. فەرهاد حەسەن، بڵاوبوونەوەی چەک: عەشائیراکانی عێراق هێزێک لەسەروی دەوڵەتەوە، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٥٠)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠٢٠.

٥. گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە(٣) سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوومانگ جارێک دەریدەکات، ٢٠٢٠.

٦. گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٤٠)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٩.

٧. یاسین تەها، لە کابوولەوە تا بەغدا عێراق و هەرێم لە ئەگەری ئەرکگۆڕینی سوپای ئەمریکا، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوومانگ جارێک دەریدەکات، ژ.(٩) ، ساڵی دووەم، ٢٠٢١.


**ج.توێژینەوە بە کوردیکراوەکان:**


١. ئەحمەد حسێن، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢١.

٢. کەرەم حەفیان، ڕێکخراوی قاعیدە، لە ڕووداوی یانزەی سێپتەمبەر تا بەهاری عەرەبی توێژینەوەیەک لە ئەدای فکریی و سیاسیی قاعیدە لە عێراقدا، و: ئیدریس سیوەیلی، گۆڤاری ژۆرناڵ، ژمارە(٢٩)، ٢٠١٨.
٣. مایکڵ نایتس، گەڕانەوە بۆ پشتی پەردە؛ ئایندەی کەتائیبی حزبوڵلا و بریکارەکانی دیکەی ئێران لە عێراقدا، و: حسێن ئەحمەد حسێن، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢١.
٤. ناوەندی جەزیرە بۆ توێژینەوە، ئایندەی ڕێکخراوی داعش دوای بەغدادی ، و:حسێن ئەحمەد حسێن، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێی و قەیرانەکان، ٢٠١٩.

**چ.ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:**

١. وەلید راوی، هەڵسەنگاندنی چالاکیەکانی داعش لە نیوەی یەکەمی ئەمسالدا،و:ئیدریس سیوەیلی،ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان،٢٠٢٠،بەردەستە لەسەر بەستەری http://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=5582&fbclid=IwAR2_ncF9sDoX4-SQEVt6rQmJjDDdnIzmILMVU2DF8PtyJLu72tsTjJsPn4w ، بەرواری سەردان 27/4٢٠٢/2

**دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان**

**أ-یاسا**

١. قانون مكافحة الارهاب رقم (١٣) لسنة (٢٠٠٥)، الوقائع العراقية ،ع: ٤٠٠٩، :٢٠٠٥/١١/٩.

**ب.کتێبە عەرەبییەکان**

١. ثامر عبد العزيز السعيد، الارهاب في العراق بين اسبابه الحقيقية وأبعاده الاقليمية، منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١٨.
٢. عبد البارى عطوان، الدولة الاسلامية الجذورو التوحش و المستقبلو، دار الساقى، ط٢، بيروت، ٢٠١٥.
٣. هيثم عبدالسلام محمد، مفهوم الارهاب في الشريعة الاسلامية ، دار الكتب العلمية، ط١، بيروت، ٢٠٠٥.

**پ. توێژینەوە بەزمانی عەرەبی**

١. أسماء خالد جرجيس، واقع الارهاب في العراق والتحديات المستقبلية بعد هزيمة داعش بمنظور جغرافي، قضايا سياسية، جامعة نهرين، عدد(٥٧)، ٢٠١٩.
٢. المعهد الديمقراطي الوطني، العراق ما بعد داعش تحسّن التماسك الاجتماعي، لكن مع استمرار استياء العراقيين تجاه الحكومة نتائج الاستطلاع الوطني، ٢٠١٩.
٣. علي نجات، تداعيات مقتل القادة على مستقبل التنظمات الإرهابية(داعش )أنموذجاً، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٢.
٤. عماد جاسم حسن، أثر الارهاب على الاوضاع الاقتصادية في العراق وانعكاساته الاجتماعية..الاسباب والمعالجات،مجلة بحوث،تصدر عن مركز لندن للبحوث والدراسات والاستشارات،العدد الثامن

عشر،شباط ٢٠١٨.

٥. محمد أبو رمان، مستقبل داعش: عوامل القوة والضعف (الخلافة الافتراضية) وفجوة استراتيجيات مكافحة الإرهاب، مؤسسة فريدريش ايربت، مكتب الأردن والعراق،٢٠٢٠.
٦. محمد عبد المحسن سعدون، مفهوم الإرهاب وتجريمه في التشريعات الجنائية الوطنية والدولية، العدد السابع، ٢٠٠٨، مجلة مركز دراسات الكوفة.

**ت.ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی:**

١. منظمة الشفافية الدولية في المملكة المتحدة ، الطابور الخامس فهم العلاقة بين الفساد والنزاع، منظمة الشفافية الدولية، المملكة المتحدة، ٢٠١٧.

**ج. ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:**

١. أحمدى هادي، ٢٠ قصة فساد... كيف ضاعت ٥٠٠ مليار دولار في العراق،نشر٢٠١٩/١١/٧ ، من موقع الاليكتروني:https://bit.ly/34rjPIy ، زيارة ٢٠٢٢/٢/٢٢.
٢. سامر مؤيد عبد اللطيف وم.م. حمد جاسم محمد، الإرهاب وتأثيره على التعايش السلمي بين الأديان والمذاهب في العراق، بحث مقدم الى (المؤتمر الوطني حول الاعتدال في الدين والسياسة) يومي ٢٢ و٢٣ اذار ٢٠١٧، الذي عقد من قبل مؤسسة النبأ للثقافة والاعلام ومركز الدراسات الاستراتيجية في جامعة كربلاء ومركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية،نشر في ٢٠١٨/٧/١٤، على موقع https://m.annabaa.org/arabic/studies/15915، زيارة٢٠٢٢/٢/١.
٣. سكاي نيوز عربية، أذرع إيران الإرهابية.. تعرف على ميليشيات نشر الفوضى، أبوظبي - سكاي نيوز عربية، نشر: ١١ سبتمبر ٢٠١٨، من موقع الاليكتروني: shorturl.at/swBDO ، زيارة ٢٠٢٢/٢/٢٢.
٤. صالح الدهني، ما هي المليشيات الشيعية المقاتلة بالعراق؟ (ملف+ إنفوغراف)، نشر: الخميس، ٣ نوفمبر ٢٠١٦، من موقع الاليكترونيshorturl.at/luzPQ ، ، زيارة ٢٠٢٢/٢/٢٠.
٥. هدى رؤوف، ماذا بعد تأسيس إيران الميليشيات الشيعية في دول النزاع؟ ، نشر: الجمعة ١٩ يوليو ٢٠١٩ ، من موقع الاليكتروني: shorturl.at/lGPRU، زيارة ٢٠٢٢/٢/١٥

**سێیەم/ سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

**أ. تێزی دکتۆرا:**

1. Peter Alan Sproat, An Investigation Of The Concept Of State Terrorism, Phd. Thesis. Department Of Politics, University Of Newcastle Upon Tyne,1997.

**ب. توێژینەوە بەزمانی ئینگلیزی**

1. Alexander Lee, Who Becomes A Terrorist? Poverty, Education, And The Origins Of Political Violence, World Politics, Volume 63, Number 2, April 2011.
2. Daniel Byma, Iran, Terrorism, And Weapons Of Mass Destruction, Studies In Conflict & Terrorism, No:31, 2008.
3. *Gregor Bruce*, Definition Of Terrorism Social And Political Effects, Journal of

Military and Veterans' Health, Volume 21 Number 2; May 2013.

4. Harith Hasan and Kheder Khaddour, The Transformation of the Iraqi-Syrian Border: From a National to a Regional Frontier, Carnegie-MEC, uk,2020.
5. James P. Pfiffner, Us Blunders In Iraq: De-Baathification And Disbanding The Army, Intelligence And National Security Vol. 25, No. 1, 76–85, February 2010,
6. Jessica Trisko Darden, Tackling Terrorists' Exploitation Of Youth, The American Enterprise Institute, USA, 2019,
7. Joseph S. Tuman, Communicating Terror: The Rhetorical Dimensions of Terrorism, SAGE Publications,2010 .
8. Leonard Weinberg , Ami Pedahzur & Sivan Hirsch-Hoefler, The Challenges Of Conceptualizing Terrorism, Terrorism And Political Violence, Vol.16, No.4 (Winter 2004).
9. Maha Azza, Iraq and Political Islam, in the research Iraq Ten Years, Edited by Claire Spencer, Jane Kinninmont and Omar Sirri, The Royal Institute of International Affairs, 2013.
10. Mara Redlich Revkin, The Limits of Punishment Transitional Justice and Violent Extremism iraq case study, institute for integrated transitions,2018.
11. Peter Chambers,Abu Musab Al Zarqawi: The Making and Unmaking of an American Monster (in Baghdad) Alternatives: Global, Local, Political , February 2012, Vol. 37, No. 1 (February 2012).
12. Sean Kane, The Coming TurkishIranian Competition in Iraq, United States Institute of Peace, 2011.
13. Tomáš Kaválek, From al-Qaeda in Iraq to Islamic State: The Story of Insurgency in Iraq and Syria in 2003- 2015, Vol. 14, No. 1, Spring 2015.
14. Truls Hallberg Tønnessen, The Islamic State After The Caliphate, Perspectives On Terrorism, Volume 13, Issue 1, February 2019.
15. Truls Hallberg Tønnessen, The Islamic State after the Caliphate, PERSPECTIVES ON TERRORISM, Volume 13, Issue 1, February 2019.

**پ.راپۆرت:**

1. Sean Kane, The Coming Turkish Iranian Competition in Iraq, United States Institute of Peace, SPECIAL REPORT, Washington, 2011.
2. The Geneva Academy Of International Humanitarian Law And Human Rights,THE SYRIAN ARMED CONFLICT: NEARING THE END ?, THE WAR REPORT 2018,

The Geneva Academy.

3. Risk Mitigation Information Management Cente, Immap - Iraq Humanitarian Response Credit: Photographer Rm / Shutterstock.Com Isis Sleeper Cells Activities Amid The Covid-19 Pandemic Jan - Aug 2020, Published Date: 22 September 2020.
4. Dylan O'Driscoll, The Islamic State in Iraq, K4D Helpdesk, Institute of Development Studies, uk, 2019.

ت.ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:

1. Antonia Ward, How Do You Define Terrorism?, Publish On Nationalinterest, May 31, 2018, Avilabile at: Https://Nationalinterest.Org/Feature/How-Do-You-Define-Terrorism-26058, (Accessed 02/ 12/ 2021)
2. Cole Bunzel, Explainer: The Islamic State In 2021, Published(December 10, 2021)Explainer: The Islamic State In 2021, Wilson Center, Available At: Https://Www.Wilsoncenter.Org/Article/Explainer-Islamic-State-2021. (Accessed . 01 May 2022)
3. Graig R. Klein, The Leader Of ISIS Is Dead, But Are Targeted Killings Effective?, Publish On: 10 Feb 2022, Available At: Https://Icct.Nl/Publication/Leader-Isis-Dead-Targeted-Killings/ (Accessed . 24 April 2022)
4. Kathy Gilsinan And Mike Giglio, What Isis Will BecomeThe Group Has Lost Its Territory And Its Leader. But It Has Survived Before—And Can Do It Again, November 22, 2019,Date Of Visit October 2,Avilabile At: Https://Www.Theatlantic.Com/Politics/Archive/2019/11/Evolution-Of-Isis/602293/, (Accessed . 23 April 2022)
5. Michael Knights, Crispin Smith, Hamdi Malik, Profile: Kataib Hezbollah, Policy Analysis , The Washington Institute, Publish On: Apr 1, 2021 , Available At: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/profile-kataib-hezbollah(Accessed . 21 /2/ 2022).